گیلان

# کوردەکانی ئێران و
# هێرشی عوسمانی



وەرگێڕانی لە فەرەنسی یەوە

نەجاتی عەبدوڵا

زنجیرەی
کتێبخانەی کوردناسیی
(2)

گیلان

# کوردەکانی ئیران

# و

# هیرشی عوسمانی

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە:

نەجاتی عەبدوللا

هەواڵنامەی کتێب

-ناوی کتێب : کوردەکانی ئێران و هێرشی عوسمانی

- نووسینی : گیلان

- بابەت: مێژوو.

- وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵلا.

- تایپ و هەڵەچنی: وەرگێڕ.

- تیراژ:

- ژمارەی سپاردن ( ٧١٢ ) ی 2004،

-چاپی یەکەم: سلێمانی 2004

## پێشکەشە بە :

ئەم کتێبەم

بۆ یادی کاکەی

جوانەمەرگم کاکە

( یوسف عەبدوللا )،

بۆ یادی بەرزی ئەو کاکەی کە نەمتوانی

لە دوا ماڵئاواییدا خوداحافیزی لێبکەم

ئەم کتێبە پێشکەش

بە رۆحی فریشتا

ئەم کاکە

هەزار نامەی کتێب

## لە بریتی پێشەکی

خوێنەری خۆشەویست،

کۆتایی ساڵی 2002 وەرگێرانی یەکەمینجاری ئەم کتێبەم تەواو بوو. کتێبەکە بۆ خۆی لە بنەرەتدا گووتارێکی فەرەنسیی دوورو درێژی گیلان Ghilan ناوێکە بە ناوی (*کوردەکانی ئێران و هێرشی عوسمانی*) *Les Kurdes Persans et l'invasion Ottoman* کە ساڵی 1908 لە پاریس بە دوو ئاڵقە لە گۆواری *Revue du Monde musulamn* ، ئاڵقەی یەکەمی لە ژمارە پێنجی ئایار ( لا: 1-16 ) و ئاڵقەی دووەم و کۆتایشی لە ژمارە دەی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا ( لا: 193-210 ) بڵاوکراوەتەوە.

ئێمە لەبەر کۆمەڵێك هۆ کردنە کوردی ئەم گووتارەمان بە پێویست زانی :

یەکەم : گووتارەکە بۆ خۆی دەمێکە بووەتە سەرچاوەی زۆربەی ئەو کارانەی بە زمانە ئەوروپاییەکان لە بارەی کوردەوە نووسراون. دووەم : گووتارە تەرخانی ناوچەیەکی کوردستانە کە بە پراتیکی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئاوەهای لە بارەوە نەکراوە، سێیەم : باسی بەشێکی مێژووی هۆزێکی کوردی ( شکاك ) دەکات کە یەکجار کەمی لە بارەوە نووسراوە. دواجار کتێبەکە بۆ خۆی پرییە لە وێنەی زیندوو و دەگمەن کە بۆ ئەرشیفی مێژووی کورد یەکجار پێویستن.

ئەمرۆژانە کە خەریکی تایپکردن و دووبارە پاکنووسکردنەوەی ئەم وەرگێرانە بووم، بە بیرمدا هات کە کۆمەڵێك بەڵگەنامەی گرینگ کە لە ئەرشیفخانەکانی لەندەن و پاریس چنگم گەوتبوو، پێم خۆشبوو وەکوو پاشکۆیەك بە وەرگێراوە کوردی و دەقە فەرەنسییەکە بە سەریەکەوە لە پاڵ ئەم وەرگێرانەدا بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکە بڵاوبکەینەوە. بەمشێوەیە لە پاشکۆی کتێبەکەدا، بەشێکی راپۆرتەکەی دەروێش پاشا کە تایبەتە بە هۆزی شکاك و لە ئەرشیفخانەکانی لەندەنەوە وەچنگخراوە کراوە بە کوردی. بە

هەمان شێوە لە ئەرشیفی وەزارەتی جەنگی فرەنسا بەشی سوپای زەمینی château de Vincennes کۆمەلێك بەڵگەنامەی فرەنسی کە درێژەی هەمان ئەو کارانەیە کە ئێمە لە سەر بەڵگەنامە فرەنسییەکان کاری لەسەردەکەین، کراون بە کوردی کە پێم وایە تەواوکەری ئەم باسەن. هەر لە گەڵ ئەم بەڵگەنامانەدا دوو کورت ووتاری ڤ. مینۆرسکی لە بارەی هەردوو هۆزی ( شکاك ) و ( شەقاقی ) * کە لە *Encyclopédie de l'Islam* بڵاوکراونەتەوە کراون بە کوردی، هەر لە درێژەی ئەم پێوەچوونانەشدا وتارێکی کورتیلەی مارتن ڤان برۆینسن لە چاپی نوێی *Encyclopédie de l'Islam* کراوە بە کوردی کە پێمان وایە هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە رەنگە بتوانن تاڵە رۆشناییەك بخەنە سەر حەشارگە زۆر و زەوەندەکانی مێژووی سەدەی نۆزدەهەممان.

دواجار ماوەتە سەر ئەوەی بڵێم من لەم وەرگێرانەدا بە هیچ شێوەیەك رێگەم بە خۆم نەداوە تاقە یەك ووشەش لە وەگێرانەکاندا زیاد بکەم و لە هەر جێگەیەکیشدا ووشەگەلێك بەکارهێنرابن گەر بە دڵی ئێمەش نەبووبێت لەبەر دەستپاکی لە وەرگێراندا وەکوو خۆی کردوومانە بە کوردی و زۆر بە هیوام شتێکم نە نووسیبێتەوە کە خاوەنەکەی مەبەستی نەبووبێت وا بڵێ.

ماوەتە سەر ئەوەی بڵێم تا ئێستە نووسەرە کوردەکان لە سەر ناوی شکاك یەکرا نین ( هەژار، سەجادی، رەفیق حلمی و زۆرانی دیکە ) هەر (شکاك) یان نووسیووە، کەچی ( مامۆستا هاوار و نەوشیروان مستەفا ئەمین ) ( شوکاك ) یان نووسیووە کە ئێمە ( شکاك ) مان پێراستترە لە ( شوکاك ). مینۆرسکی و دواتر مارتن ڤان برۆینسن-یش ( شەکاك ) یان نووسیووە و ئێمە نووسینەکانی ئەوانمان دەستکاری نەکردووە و وەکوو خۆی هێشتوومانەتەوە.

---

* بە داخەوە تا ئێستە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئاوەها لە بارەی ئەوە نەکراوە داخۆ ئەم دوو هۆزە دوو هۆزی تەوا جیان یاخوود ناوێکن بۆ یەك هۆز؟ بە هەرحاڵ چاکتر وایە دەرگای ئەم باسە بە کراوەیی بهێڵینەوە.

ئێرەج ئەفشار سیستانی لای وایە ووشەی شکاک لە بنەرەتدا شاه کاک یا شەکاک بووە، کە لە دوو ووشەی ( شاه ) و (کاک) پێکهاتووە، شا بە واتەی گەورە و کاک-یش بە واتەی مرۆ. بە هەمان شێوە ناوی قەلایەکیشە لە ئازەربایجان. بەمجۆرە شکاک واتە مرۆی گەورە یا قەلای گەورە دەگەیەنێ و بە تێپەربوونی کات ووشەکە بۆ خۆی بووەتە شکاک**.

گەلێك هیوادارم ئەم کتێبە ببێتە رێگەخۆشکەرێك بۆ زۆر باس و لێکۆڵینەوەی دیکەی تێر و تەسەل لە بارەی مێژووی هۆزی شکاک و ناوچەکە، کە بەراستی شایانی چەندین لێکۆڵینەوەی تایبەتە. دوایین ووشە ئەگەر ئەم کتێبە بەشداریەکی چکۆلانە بکات لە روناککردنەوەی برێك لە حەشارگە زۆرەکانی مێژووی وولاتەکەم ئەوا خۆم گەلێك بە بەختیار دەزانم.

هەواڵنامەی کتێب

نەجاتی عەبدوللا

پاریس 11-09-2004

** بروانە، ایرج افشار سیستانی، *مقدمەای بر شناخت ایلها، چادرنشینان و طوایف عشایری ایران* ( جلد اول )، پائیز 1366، ص. 154-155.

هەواڵنامەی کتێب

H.J. j. 91

# REVUE DU MONDE MUSULMAN

Publiée par

LA MISSION SCIENTIFIQUE DU MAROC

TOME CINQUIÈME

1908

BIBLIOTHÈQUE DE L'UNIVERSITÉ DE PARIS

PARIS
ERNEST LEROUX, ÉDITEUR
28, RUE BONAPARTE

بەرگی گۆواری *Revue du monde musulman* سالی 1908

Revue du Monde Musulman

2e Année. OCTOBRE N° 10.

# LES KURDES PERSANS ET L'INVASION OTTOMANE[1]

(*Suite.*)

## V

L'année 1880 débuta, en Azerbaïdjan, par une famine terrible, qui désorganisa la province entière, occasionna de nombreux décès et augmenta les brigandages dans de grandes proportions. Les Kurdes, armés d'environ dix mille fusils Martini tombés entre leurs mains pendant la guerre turco-russe, se montrèrent d'une audace inouïe.

Au mois d'août, Cheikh Obeïd Oullah, ayant réuni des troupes autour de lui, semblait n'attendre qu'un moment favorable pour se jeter sur la Perse.

C'était un homme sanguinaire et cruel, mais réputé saint parmi tous les Kurdes. Il avait été autrefois en mésintelligence avec les Turcs, qui le traquaient alors comme une bête fauve et qui, craignant de le voir s'enfuir en Perse, avaient demandé au Chah de le leur livrer, le cas échéant. Le Chah ayant refusé, le Sultan changea de tac-

(1) V. *Revue du Monde Musulman*, mai 1908.



لاپەڕەی یەکەمی ئالقەی دووەمی گۆتارەکە بە زمانی فەرەنسی

پێدەشتی ورمێ[1] بە چوار هەرێمی چیایی: سۆمای، برادۆست، تەرگەوەر و مەرگەوەر، لە تورکیا جیادەبێتەوە. ئەم پێدەشتە لە باکوورەوە بۆ باشوور و لە باشوور- رۆژهەلاتیشەوە، بە درێژبوونەوەیەکی هەشت فەرسەخ درێژایی - بینەوەی ئەنزل Enzale سەرە رێگەی سەلماسی لەگەڵدابێ - و بە چوار فەرسەخ پانی ، لە رۆژهەلاتەوە بۆ رۆژئاوا هەڵدەکشێ. ئەم پێدەشتە بە زنجیرە چیایێک تەنراوە و لەم دیوو ئەم زنجیرە چیایەوە تا بەرەو سنووری تورکیا بڕۆین، هەر هەمووی ئەم دەرو ناوچانەیە کە کوردەکانی تێدا دەژین، زەوی و زارێك کە بە چیای بەرز بەرز سنووردارن.

ناوچە کوردەوارییەکان کە سەر بە ورمێن ( بنۆرە وێنەی ژمارە 1 ) بریتین لە : چەهرە، بە تەك سەلماس لە باکوری-رۆژئاواوە.، سۆمای و برادۆست لە رۆژئاواوە.، تەرگەوەر لە باکووری رۆژئاوا و دەشت لە رۆژهەلاتەوە.، مەرگەوەر و تا زێتریش بەرەو رۆژهەلات بە تەك سنووری تورکیاوە شۆربینەوە، ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی لاهیجان، سەردەشت، و دواجار رووباری ئالان کە دەبێتە دوو بەش، بەشی تورکی و بەشی ئێرانی، یەکەمیان لە چەپ و ئەویتریشیان لە راستەوە دەرژێنە ناو رووباری زابەوە. هەڵبەت، لە لاهیجان بەولاوە، ئەو دەرو ناوچانەی کە ئێستە ناومان بردن هەموویان سەر بە سابلاغ-ن.

---

[1] ناوی (ورمێ) لەوانەیە لە وشەی ئاسووری ئورour - ولات و مێ Miah - ( ئاو) ەوە هاتبێت. گەنجی دانیش دەڵێ ( شارێکی گەورەی کۆنی ئازەربایجانە و پێ لەسەر ئەوە دادەگیرێ کە شاری زەردەشت بووە و ماگەکان Mages دروستیان کردووە. شارێکی زۆر جوان و زۆر دەوڵەمەندە و بەرهەمی زۆرە: باخچەکانی زۆر و چاك ئاودێردراون، ئاو و هەواکەی پاکە. ورمێ لە سێ فەرسەخی زەریای ئورمێ و زەریاچەی ئورمێ وەیە. جاران پێیان گووتووە گۆلا. ئاوەکەی زۆر خوێاوی و تامی ناخۆشە. ئەم گۆلە هەروەها ناوی دەریاچەی شالیی Chalei یشی پێدەڵێن کە مەرجانی animaux-plantes تێدا دەژی. سالی 1215 ی کۆچی مەحەمەد شای قاجار لەم شارەدا تاجی شاهانەی لە سەر نا.

وێنەی یەکەم: شازادە فەرمان فەرما



FIG. 1. — S. A. le prince FERMAN FERMA

# I

## سۆمای*

ئەم هەرێمە دەگەڕێتەوە بۆ کوردەکانی شکاک، کە لە ناو خۆیاندا بە سەر چەندین خێڵ وتیرەدا دابەشدەبن. سەرۆکە ئێرانییەکانی ورمێ و سەلماس

* لە بارەی ناوی سۆمای ڤلادیمەر مینۆرسکی لای وایە کە سۆمای ناوێکی کوردییە و واتەی ( دیمەن ) La vue دەگەیەنێ و بە فارسیش واتەی کۆتایی، دوایی دەگەیەنێ، بڕوانە p.503
*Encyclopédie de l'Islam*, Livraison A, Leyde, paris, 1924

ژمارەیەك ئاواییان لەم ناوچەیەدا هەیە. شکاکەکان تەنها تاکە دانیشتووی ناوچەکە نین. کوردە نیشتەجێیەکانیش کە پێیان دەڵێن کرمانج[2] یا کشتوکاڵکار، سێ بە قەد ژمارەی سەردارەکانیانن. شکاکەکان نزیکەی 1200 ماڵ دەبن. مەسیحیەکان تارادەیەك لەم دەڤەرانەدا کەمن و پەرت وبڵاوبوونەتەوە، چونکە ناتوانن لە گەڵ خاوەندارەکانی ئەم وڵاتە بژین، بە شێوەیەك کە ئەوانە ( واتە خاوەندارەکانی وڵات ) زۆر بە خێرایی دەبنە تایەفەیەکی یەکگرتوو ئەگەر کارەکە پێوەندی بە ئەوانی دیکەوە هەبێت.



FIG. 2. — Djaafer Agha et ses compagnons.

وێنەی دووەم: جەعفەر ( جەوهەر ) ئاغا و هاوڕێکانی لە کاتی لە سێدارەدانیان

[2] کە وەك پێدەچێ ئەوانە خەڵکی رەسەنی ناوچەکە بن.

دەتوانین لە ناو شکاکەکان ناوی: شکاکی عەبدۆیی، نیشتەجێی چەهریق ببەین. یەکێك لە سەرۆکانی : جەعفەر ئاغا کە بەو شێوەی لە تۆرۆس لە سێدارەیاندا بە ناوبانگە و چەند ساڵ بەر لە ئێستە بە دەست شای ئێستە لە سێدارە درا کە وێنەکەیمان لە گەڵ ئەم گوتارە بڵاوکردۆتەوە. وێنەکەی رێکپۆشی و پاکوخاوێنی نیشاندەدات وەختایەك زیندوو بووە، مەخابن لە سێدارەیاندا.( وێنەکانی 2، 3، 4 ). وەختایەك سەردار ئیقبال ئەلسەلتەنە ساڵی پێشوو شەری هێزەکانی ئەنجومەنی خۆی کرد، سمکۆ ( وێنەی ژمارە 5 ) و برایەکەی لە ریزی هێزەکانی ئیقبال ئەلسەلتەنەدا بوون. سەرۆکی شکاکەکان موحەمەد عومەر ئاغا ( وێنەی ژمارە 6 )، پێنج ساڵ بەر لە ئێستە لە لایەن ئێرانییەکانەوە دەستگیرکراو رەوانەی ورمیٚ کرا و لە وێدا دوا هەناسەی دا.

شکاکەکانی : نیسانی، قەنداری، حەنیفیٚ هتد سەرۆکەکەیان ئیسماعیل ئاغای برای موستەفا ئاغا بوو، ئەو موستەفا ئاغایە ساڵێك و نیو بەر لە ئێستە لە لایەن باوکی جەعفەر ئاغا وە کوژرا.

بنەچەکیان : دەڵێن شکاکەکان لە دەربەندی جوغەتایی Djagataï و تاتەئۆو Tatvous[3] ەوە هاتوون، کە بێگومان لە گەڵ شاکاك یا شاه کاکەکان ( کاکە واتە برا، هاوریٚ بە زمانی موکری ) تێکەڵدەکرێن کە ئێستەکەشی لە گەڵدا بێت لە وێدا دەژین. لە کاتی هاتنیان بۆ شوێنی نیشتەنی ئێستەیان، تاقمێکی هۆزەکەیان لە سولدووز Soldouz و تاقمێکی دیکەیان لە نێوان دۆل و ورمیٚ جێهێشت، کە ئێستە کەشی لە گەڵدا بێت ددان بە بنەچەکی هاوبەشیان دادەنێن.

[3] تاتەهوو- یشی پێدەڵێن، وەرگێر.

شکاکەکان شوان، وشترەوان[4] و هەروا کەمێکیشیان کرێکاری کشتوکاڵین و زۆرینەی کات لە ناو ماڵی ژێر زەویدا دەژین کە ماڵەکانیان زۆر بە جوانی ڕێکخستووە، لە کاتێکدا کە ئامۆزاکانیان کە لە وان جیابوونەتەوە بریتین لە باندێکی چەتە وریگر. بەمشێوەیە شکاکەکان لە ڕۆژئاوا و باکوری- ڕۆژئاوای ورمێ جێگیر بوون کە تا وەکوو دەروازەی وان هەڵدەکشێن. دواتر پێ بە پێ ی سنوور تا ماکۆ دەچن تا کرێگرتەیی ( خۆفرۆشی ) بۆ خانەکانی وڵات بکەن[5].

هەواڵنامەی کتێب

[4] لە دەقە فرەنسییەکەدا نووسراوە chameliers کە دەقاودەق واتەی وشترەوان دەگەیەنێ و هیچ مانایەکی دیکە هەڵناگرێ، وەرگێر.

[5] وەختایەك ساڵی ڕابووردوو خانی ماکۆ هێزەکانی ئەنجوومەنی لە شاری خۆی شکاند، سمکۆی برای جەعفەر ئاغا لە گەڵ هێزەکانی خانی ماکۆ دا بوو. ( سمکۆ لە پاداشتی شەرکردنی لە گەڵ هێزەکانی ئەنجوومەن توانی حاکمیەتی قوتوور بۆ خۆی بەردەستبخات. لەو لای دیکەوە هێزەکانی ئەنجوومەن کەوتنە ڕاستکردنەوەی هێزە نەیارەکانی نا و عەشیرەتی شکاك لە سمکۆ و یارمەتیان دەدان بۆ پەلاماربردنە سەر ئاواییەکانی سمکۆ، بڕوانە، David McDOWALL, *A modern History of The Kurds*, Ed. I.B. Tauris, London, 1996, p. 102 & 111).



وێنەی سێیەم : جەعفەر ئاغا، سەرۆکی شکاکی عەبدوی

FIG. 3. — Djaafer Agha, chef des Chéqqaq Abdoï



وێنەی چوارەم: جەعفەر ئاغا، سەرۆکی شکاکی عەبدۆیی

Fig. 4. — Djaafer Agha, chef des Chéqqaq Abdoï.



شکاکەکان لەکاتی هاویناندا، لە گەڵ مەڕو ماڵاتەکانیان بە رەشماڵەوە دەچنە ناو چیایەکان و لە کاتی زستانانیش لە پێدەشتەکانا دەژین کە شوێنی نیشتەجێ و گیای لێ کەمە. ((ئاغەکەیان)) (سەرۆك)) لە قەڵایەك لە سەر زێی ناز Naz دا دەژی و بە سەر ئاواییەکاندا دابەشیان دەکات، بە شێوەیەك خەڵکە نیشتەجێیەکە ناچار دەکات ئەوا و ئالیکییان بۆ دابین بکەن



وێنەی شەشەم: عومەر ئاغا و هاوەڵە زیندانییەکانی

ئەوە دووپات دەکەنەوە کە لەو سەردەمانەدا تەنها ئاوایی مەسیحیەکان هەبووە : هۆزە بەرەگەز تورکمانەکان بە تەواوی بە نوێ هاتوون بە کۆچەری دەژین، قورسایی تەواوی کوردەکان کەوتبوە سەر مەسیحیەکان. بۆ ئەوەی

دادپەروەر بین دەبێ ئەوە زێدە بکەین کە کوردەکان لە بری ئەو ماندووبوونەی دەیانخستە سەر مەسیحیەکان پارەیان بۆ دەژماردن، چونکە ئەوان لە ناو چیایەکاندا مەر وماڵاتەکانیشیان لە گەڵ خۆیان دەبەن و پێکەوە دەبن. نیوەی خێزان لە گەڵ مەر وماڵاتەکان و نیوەی دیکەش بۆ چاوەدێری بەرووبوومەکان دەمێننەوە.

وەك بینیمان مەسیحیەکان 1000 سەر بزن و 40 ئەسپ و جوانوویان هەبوو، هەتا بەر لە چەند ساڵێك، برێکجاریش بە دەگمەن، پیرەمێردەکان کە لەم سەردەمەدا ژیاون وەکوو سەردەمی زێرین باسی ئەو دەر و زەمانە دەگێرنەوە. هەتا وەکوو لە کاتی مانەوەشیان لای خەڵکە کە هێندە نەدەبوونە بارگرانی بەسەریانەوە. خێزانێکی چوار یا پێنج کەسی تەواو بە کۆلیتێك دەستبەردار دەبوون.

ئەم رژێمە نزیکەی هەشتا ساڵ بەر لە ئێستە و رەنگە زێتریش بێ، لە دەورانی مەحەمەد شا دابووە.

دەسەڵاتی راستەوخۆی قاجارەکان لە ورمێ لە رێگەی سێ برای عەبدویلمەلیکی دامەزرا :

1- ئەسکەرخان بوزورگ کە بالوێزی ئێران بوو لە لای ناپۆلیۆنی[6] napoléon یەکەم.

2- نەزار عەلی خان.

3- عەبدولسەمەد خان.

عەبدولمەلیکیەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان، بەگلەریەگییان کوشت، دواتر کوردەکانیشیان گەمارۆ دا و سەریان پێدانەواندن، سەرەتا لە ئیسماعیل[7]

[6] راستیەکەی ناپۆلیۆن napoléon راستە، نەوەکا ناپلیۆن کە لە بە هەڵە لە رێگەی زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، وەرگێر.

[7] مەبەست لەمە ئیسماعیل ئاغای یەکەم سەرۆکی ناوداری شکاکەکانە لە مێژوودا کەساڵی 1816 لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانییەوە تیرۆرکرا، وەرگێر.

هەواڵنامەی کتێب

ئاغای شکاکەوە دەستیان پێکرد کە حوکمرانی سێ یەکی پێدەشتەکەی دەرکرد.

سوپای ئێران لە بەردەم قەلای ئیسماعیل ئاغا بارەگەی لێهەڵدا و سێ برایەکە هەرسێکیان لەوەدا یەکرابوون کە کارەکە مەحاڵە. یەکێك لە دوو برایەکان، نەزار عەلی خۆی کردە قوربانی. رۆیشت ئیسماعیل ئاغا ببینێ و پێ ی بڵێ کە ئەو وەکوو بارمتە لە قەلادا دەمێنێتەوە تا ئەو ماوەیەی کە ئەو دەچێ بۆ ووتوویژ لە گەڵ عەسکەری برای، کە پێشنیاری ئاشتی پێکردووە. ئیسماعیل ئاغا دوای ئەوەی دڵنیا کرا چوو بۆ ئۆردووی عەسکەر. چەند چرکەیەك رابوو، پاشان گوێمان لە یەك رێژنە تەقە بوو (( سەرکەوتن بۆ خوا ! بارمەتکراوەکە هاواری لێهەلسا بە خۆ هاویشتنە ناو پاسەوانەکانییەوە، هاواری کرد سوپاس بۆ خوا ئاشتی وەدیهاتووە، بفەرموون))، و نەزار بەرەو کامپ وەرێکەوت.

کوردەکان خۆشنوود بوون و خەونێشیان بەوە نەدەبینی کە بتوانرێ لە خشتە ببرێن: کێبەرکێ یان بوو کێ یەکەمجار لە شوورەکە دەچێتە دەرەوە. ئەوەی لە دوای هەمووان دەرچوو نەزار عەلی خان بوو : کە بە زرپ و زیندوویی خۆی گەیاندەوە لای هاورێکانی.... ئەوانی دیکەش بە تەقەی دەمانچە پێشوازیان لێکرا. ئیسماعیل ئاغا کوژرا، پیاوەکانی حەپەسان و هەر زوو شکان و قەلاکە داگیر کرا.

لەو کاتەوە شکاکەکان لە سۆمای جێگیر بوون. عەلی ئاغای کوری ئیسماعیل ئاغا قەلاتێکی بۆ خۆی لە جۆنی *Djuni* دروستکرد و کەوتە ئەوەی دەسەلاتی ئەمیر یا میرەکانی سۆمای سەرەوگێربکاتەوە. ئەمە بۆ ئەم زۆر ئەستەم نەبوو : میری سۆمای بە ناو سالاندا چوو بوو و بە دەست هێرشی خێڵە تورکەکان کە لەسەر سنووری عوسمانییەوە دەنێردران تا شوێنی کوردە بە خیانەت گوناهبارکراوەکانی جەنگەکانی پێشوو بگرنەوە لاواز بوو بوو. لەوەش زێتر حاکمی سۆمای هەر تازە لە جەنگێك دژ بە میری هەکاری شکستی خواردبوو.



... Karadagh et Bouyouk Khan, fils de Rahim Khan Tcholébianlou, meurtrier de Djaafer Agha.

وێنەی حەوتەم: سوارەی قەرەجەداغ و بوبوک خان، کوری رەحیم چولێبیانلوو، بکوژی جەعفەر ئاغا

دواجاریش سێ لە وابەستەکانی vassaux میری سۆمای : میری چەهریق، میری برادۆست و میری تەرگەوەر بە جێیان هێشتبوو.

حاکمی سۆمای تەواو دەستەپاچە بوو لە ڕەدوونانی شکاکەکانی سۆمای و دواجار وایلێهات نەوەکانی بە سوالکردن کەوتن. دوا نەوەی ئەم بنەماڵە دیارە، قلیچ بەگ[8] لەو کاتەی کە عەلی ئاغا لە تۆرۆس زیندانی بوو هەولی ئەوەی بوو دەسەلاتی خۆی تەواو مکوم بکات. پانزە سالێك بەر لە ئێستە بە خەنجەری خزمەتکارێکی سالاری کوری ئیقبال ئەلدەولە کوژرا. بەمشێوەیە دوا زنجیرەی بەرەبابێك لە ناو چوو کە پاشماوە بە جێماوەکانی گەواهی گەورەیی ئەمیرەکانی سۆمای دەدەن. پاشماوەی شارێکی جوولەکەکان، ئەوەی مزگەوتی چوار گۆشەی لە بەردی داتاشراوی سپی و ڕەش، کلێسەکان، گۆرستانە فراوانەکان، مەزارگەی باو باپیران، قەلای بێردووك Burduk، ئەفسانەی میللی بەدەنگی بەرزەوە هاوار دەکەن کەوا حکومەتەکەیان لەوەی شێخ یا ئەوەی سولتانەکان باشتر بووە.

عەلی ئاغا – هەروەك عەلی خانیشی پێدەگوترێ- جینگز میزاج و ڕوح بەرز بوو، ژمارەیەك سەرۆکی بنەماڵەی خێلەکەی لێ هەلستانەوە، بەلام هیچێکیان نەیانتوانی بیبەزێنن و خەنیمەکانی پەناهەندەی تورکیا بوون.

شێخ شەریف بەگی بەناوبانگ، سەرۆکی سوارەکانی حەمیدیەی باشقەلا، کوری ئەحمەد شێخ ئاکنجی *chékankdji* و قاوەجی *qaavédji* عەلی ئاغا بوو کە بە نابەدلیەوە لە کاتی ڕاپەرینەکانی سەرۆکەکەی چووبۆوە تورکیا. لەو لای دیکەوە هەموویان، مەسیحیەکان، ئەرمەنیەکان، نەستوریەکانی ئالباك *albak* یان کۆکردنەوە کە بە نزیکەیی خاوەنی ڕەهای ئەم دولە دەولەمەندەبوون بە هەمان ناو. شکاکەکانی ئێران رووتیانکردنەوە و عوسمانیەکانیش

[8] سالی 1893، شکاکەکان لە گونباد دوا نومایندەی ئەم بنەماڵە کە قلیچ خان بوو کوشت، بروانە، V.Minorsky, Somai In *Encyclopédie de l'Islam*, Livraison A, Leyde, paris, 1924 , p. 504.

کەوڵیانکردن بەر لەوەی رەشەکوژی یان بکەن. شکاکەکان بە تایبەت لەسەر تاڵان و بڕۆیی و راوەرووت دەژین، برێکجاریش خەریکی ئاژەڵداری چارەوێن. هەڵبەت سەرۆکەکان چەندین ئاواییان هەیە کە لە سایەی کاری کوردە نیشتەجێیەکان بەهرەی بۆ دەهێنان. ئەمانەی دوایی جاران دووره شەر inoffensif بوون ، بەڵام لە سۆنگەی پێوەندیان لە گەڵ شکاکەکان فێری دزی کردن بوون.

شکاکەکان بە زۆر بەرەو باکوور رۆیشتن بە بێ ئەوەی بتوانین لە هۆی ئەم بزاوتنەیان تێبگەین. ویستیان بەفراوانی بڵاوببنەوە، هەڵبەت لە سۆمای یەوە ناگەرێنەوە بۆ برادۆست - گەرچی لە گەڵ ئەوەشدا یەکەم هەنگاویان بوو دوای ئەوە ی ورمێیان جێهێشت - بە پێچەوانەوە بەرەو چەهریق، هەرێمی رۆژئاوای سەلماس چوون.

ئەم هەرێمەی چەهریق هی میرەکان بوو کە وەك خۆیان ئیدیعای بۆ دەکەن وەك زۆرانی دیکە، نەوەی عەباسیەکانن، دوا میریان یەحیا خانی حاکمی ورمێ بوو. ئەم پیاوە چاکە مسیۆنێرە لازەریستکانی ئاگادارکردەوە کە فرمانی بۆ هاتووە تا شاربەدەریان بکات. بەو پێیە مسیۆنێرەکان هەموو کاتێکیان بەدەستەوەیە تا لەگەڵ بەرێز J. B. Nicola رێکبکەون و هیچ شتێك بە سەرە رۆیی لە دەست نەدەن.

ئەو شەرەفە مەزنەی لە لایەن ئێرانەوە بە یەحیا خان بەخشرابوو و ئەو داهاتەی لەو پلەو پایەی خۆی خەرجیدەکرد دواجار ئیفلاسیان بە یەحیا خان کرد: داهاتەکانی بەشی نەدەکرد تا پێی رازیبێ. تەیمور خانی کوری بە دەستی شکاکەکان لە کاتی پارێزگاریکردن لە بندەستەکانی دژ بە تاڵان و بڕۆیی کردنیان کوژرا.

تەیموور خان کوژرا، شکاکەکان بە ناو ئاواییەکانی هەرێمی چەهریق وەربوون. حکومەت مەلیك داود ، یەکێك لە مەسیحیە کاتۆلیکەکانی راسپارد تا ئەو مالیات و باجانەی دەوڵەت کە ماون وەریانبگرێ، بەڵام شکاکەکان کوشتیان، دوای روداوی کوشتنەکە ئاژاوەیەکی لە وەسپ نەهاتوو بڵاوبۆوە.

ئەمە ساڵی 1864 بوو. عەلی خان یا عەلی ئاغا کە لە تاران زیندانی بوو نێردرایەوە تا هێمنی بگەڕێنێتەوە ناوچەکە و لە چەهریق نیشتەجێ بوو و ناوچەکە بە یەکجارەکی بوو بە وڵاتی شکاکەکان. ساڵی 1881، عەلی خان هەیدێ ی لێکرا و وەکوو زیندانی ڕەوانەی تەورێزکرا، حکومەت لە جێگەی ئەو، مەلیک بابیلا، ئامۆزای مەلیک داودی دانا تا هەرێمەکە بەڕێوە ببات، بەڵام ئەویش بە دەست شکاکەکان کوژرا. مەحەمەد ئاغا هەرێمەکەی داگیرکرد، پاشان کورەکەی جەعفەر ئاغا کە لە گەڵ تورکەکان ناخۆشیان زۆر بوو، دواجار یەکیان راونرا و ئەویدیکەشیان لە تەورێز کوژرا، هەروەکو لە پێشدا بینیمان، بەڵام چەهریق لە دەست قەڵەمڕۆی شکاکەکان رزگاری نەبوو.

هەواڵنامەی کتێب

# II

## براوست

ئەم هەرێمە دەکەوێتە باشووری سۆمای، لە رۆژهەڵاتەوە دەگاتە ورمێ، لووتکە چیایەکەی سنووریەتی، لە باشوورەوە بە رووباری ناز لە تەرگەوەر جیادەبێتەوە. لە دەورانی کۆندا، برادۆست میر یا ئەمیری خۆی هەبووە، بەڵام هەر وابەستەی میرەکانی سۆمای بوون و لە قەڵای کونە میشە دا ژیاون.

گۆگەچین *Gaugatchine*، ناوەندی قەزای chef-lieu هەرێمەکەیە و هەمیشە شارێکی مەسیحی بووە و سەدان بنەماڵەی باوەرداری ( مەسیحی ) تێدا دەژین. ئەو کوردانەی لەم هەرێمەدا دەژین دابەشدەبن بۆ سەر سێ بەرەباب:

1- هنارەییەکان *Hénnarri*، ئەو هۆزەی لە میزۆپۆتامیاوە هاتوون و وابەستەی شکاکەکانن، چونکە سەرۆکەکانیان لە لایەن شکاکەکانەوە دیاریدەکرێن. سەردەمانێک نیزیکەی 500 رەشماڵیان هەبوو، ئێستەکە بە ئاستەم 200 رەشماڵیان هەیە، ئەوانی دیکە لە نوێوە سنووریان بریەوە. حەزیان لە جەنگ نییە، ئەوانە بە تایبەت بریتین لە بازرگان و وڵسات بەخێوکەرەکان.، بەڵام شکاکەکان رایانکێشاونەتە ناو جەنگەکانی خۆیان و لە ئەنجامی ئەمەدا ئەو هۆزانەی خۆیان بە زەرمەند دەزانن لەم جەنگانەدا تۆڵە لەم هۆزە دەسەننەوە. راستیەکەی لە ناو کوردەکاندا رێگە بە تۆڵە سەندنەوە دەدرێ دژ بە دۆستەکانی دوژمن. سەرۆکەکەیان عومەر ئاغا، پیاوێکی تا بڵێ ی دەوڵەمەندە.

2- پس ئاغایان pissaghaîan (پێسەر ئاغایان) . ئەمانە شکاکەکانی بنەماڵەی عەبدۆیین، لایەنگیرانی یوسف ئاغای برای عەلی ئاغان.، ئەمەی دوایی بەو پێیەی سەرکەوتووبوو، نەیاندەتوانی دەست لە کاروباری خێڵەکەی وەربدەن و هەر

لە برادۆست مانەوە. بەر لە دەساڵ 60 بنەماڵە بوون، ئەمرۆکە پەرت و بڵاو بوون. زۆریان بە دەست کاردارەکان، بنەماڵەی باڵادەستی هۆزی شکاکەکان کوژران.

3- دواجار کرمانجەکان، یا کوردە جوتکارەکان کە لە گەڵ مەسیحیەکان، یەکەمین دانیشتووی ئەو ناوچەیە بوون. ژمارەیان لە هەموو ئەوانی دیکە زۆرترە. بەڵام رەعیەتن و دوای ئەوە هیچ گرینگیەکی سیاسیشیان نییە.

# III

## تەرگەوەر

ئەم هەرێمە سی ئاواییەك دەگرێتەوە و کەوتوونەتە بناری چیای سیتاوەر Sitaver ، ئەو چیا بەرزەی کە سنووری جیاکەرەوەی عوسمانییە لەم هەرێمانەدا. پاشماوەی کلێسە وێرانەکانی گوندەکان و گۆرستانەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم ناوچەیە لە سەردەمانێکدا ناوچەیەکی مەسیحی بووە. ئەفسانەکان لەم سەردەمانەدا ئاوەدانی بێهاوتای ئەم ناوچەیە دەگێرنەوە. ئەفسانەیەك هەتا بۆ ئەوە دەروات کە لە ئاوایی هێککیٚ *Hékki*، بە قەد ژمارەی رۆژەکانی ساڵ ئاهەنگی ژنهێنانیان گێراوە. لە ماوانە *Mavana* کەسێکی لێبووە بە ناوی شابا کە بۆ ماوەی دە رۆژ خەرجی سوپایەکی 5000 چەکداری میری هیجاری دابینکردووە. لە ئامبی *Amby* ، لە سەرەوەختی جەژنە گەورەکان، خەڵك وورد و درشت بۆ نوێژکردنی بە کۆمەڵ دەهاتن و قەشەش تا ئێوارە خوتبەی بۆ دەدان.

کوردەکان لە خانەگی Khanégah نشینگەی میر و لە سیٚ ئاوایی هاوسێدا هەبوون، ئەمرۆ مەسیحیەکان لە 600 بنەماڵە زێتر نین. ئەم کەمبوونەوەیە لە سۆنگەی جەنگی پیرۆزی کوردەکانەوەیە کە هێککیٚ Hékki یان بە تەواوی تێك و پێکدا، رەشاف ( طاعون ) یش la peste بە تەواوی تۆلۆ Tollo ی وێرانکرد، جەنگەکانی نادر، هاتنی هۆزە تورکیەکانی ئەفشار، خەلەج، بۆندۆزلی، بەرکێشلی ، هتد وێرانیەکەیان وێرانتر کرد و رەشە کوژیەکی خوێناویان لە گەڵ خۆیاندا هێنا.

هەر سێ برا کە هەوڵیاندا ئەم ناوچەیە بخەنە ژێر دەسەڵاتی قاجارەکانەوە، عەسکەرخان وەکوو حاکمی ورمێ مایەوە، لە کاتێکدا عەبدولسەمەد خان چوو بۆ سۆلدۆز[9] و نزار عەلی خانیش چوو نارەزایی ناو چیایەکان دابمرکێنێتەوە.

ئەوانە لە شکاکەکان دەترسان بە تایبەت لە ناو چیایە بەرزەکاندا.، نزار ئاغا بە دوای دۆستایەتیدا دەگەرا، لە ئەنجامدا سەرەتا لە ناو خۆیاندا ئاشتبوونەوە.



وێنەی هەشتەم: بەگزادەیەکی ماوانە

[9] لە دەقە فرەنسییەکە نووسراوە سۆلدۆن Soldones کە پێم وایە دەبێ هەڵەی چاپ بێت، وەرگێر.



وێنەی نۆیەم : موجتەهید میرزا حەسەن خان

Fig. 8. — Le Moudjtehéd Mirza Hassan Khan.

ئەمە بە پەیمانبەستن و شادی و ژنهێنان بڕایەوە، عەبدولمەلیکیەکان ژنیان لە سەرۆکەکانی شکاکەکان خواست و کچەکانی خۆشیان دا بەوان.

قەڵای کونەمیشیٚ Keuhnémiché بە یارمەتی شکاکەکان داگیرکرا، دواتریش قەڵای بەردە ڕەش : یەکەمیان خرایە سەر برادۆست، دووەمیشیان خرایە سەر تەرگەوەڕ لە ناو خاکی تورکیاوە. میری تەرگەوەڕ هێندەی هێز نەمابوو و شکاکەکانیش لە وەتای گەیشتنیان بۆ ورمێ بە بەردەوامی بە توندی هێرشیان بۆ دەهێنا. پێشتر قەڵای ئیسمایل ئاغایان لە بندەست دەرهێنابوو و تەرگەوەڕ هەر زوو خۆی بەدەستەوە دا.

نەوەی سێ بـرا عەبدولمەلیکیەکان زوو لێکهەڵوەشانەوە، بنەماڵەی بێگلەربەگیەکان دەستیان بە سەر دەسەڵاتدا گرت و ئەو ئەرکەی کە دەیەویست هەموو وڵات بکەوێتە بندەست قاجارەکان وازیلێهێنرا.

بێگلەربەگیەکان بۆ خۆیان هەربەوەندە دەستبەردار دەبوون بەو بڕە پارەیەی کە کوردەکان پێیان دەدان و لێیان دەگەڕان لە ناو چیایەکاندا هەرچیەکی بیانوویستبایە بیکەن. لەم ڕژێمەدا هەموو کوردێك بۆ خۆی ئەمارەتێکی هەبوو. میر عیماددەدین، باپیری بەگەکان کە ئێستە لە گەڵ ئێرانییەکان دەجەنگێ بە هەمان شێوە ڕەوتاری دەکرد کە ئەو ئاواییانەی بە درێژەی ملە پانبووەکەی نێوان چیایە بەرزەکان و ئەو بنارەی کە بەسەر پێدەشتی ورمێ یان دەڕوانی کرد بە مولکی خۆیان. لە وێوە بەرەو تەرگەوەڕ هەڵکشان و مەسیحیەکانیان ڕاونان، جا یا شوێنەکەیان لێداگیردەکردن یا دەیاکردنە ڕەعیەتگەلی خۆیان.

تەنها سێ ئاوایی لە دەسەڵاتی ئەوان ڕزگاریان بوو بوو: بالولان، ماوانە و کۆریانە. بەگزادەکان هەمیشە ئارەزوویان بووە ئەم سێ گوندە داگیر بکەن، سەرەتا بە شوێن نانەوەی ناکۆکی دەگەڕان لە گەڵ خەڵکی بالولان تا پەلاماریاندا، بەڵام شکان و برایەکی سەرۆکەکەیان گوللەیەکی بەر قاچی کەوت کە ئێستاکەشی لە گەڵدا بێ هەر دەشەلێ. دوای ئەوەی دووبارە هێزیان کۆکردەوە، سەرلە نوێ پەلاماریان دانەوە، مەسیحیەکان خۆیان پێڕانەگیرا و هەر زوو نیوەی ئاوایی داگیرکرابوو. بەرگریکارەکان لە ناو ماڵە

پەلاماردراوەکانیان تەنگیان پێهەلچنێرابوو، لە بەرامبەر دوژمنێک کە هەمو
شتێکی وێراندەکرد، بەلام وەختایەك دوو گوندەگەی دیکە بە هاواری
گوندەکەی یەکەمەوە هاتن، کوردەکان شکان و ژمارەیەکی زۆریان لەناو ئەو
ئاگرەدا سوتان کە بە خۆیان هەڵیاگیرساندبوو.



وێنەی دەیەم : بەگزادەکان

ئەمە هەراو زەنیەکی زۆری نایەوە و فەناتیزمی[10] موسلمانی وورریاکردەوە. وەلیعەهد مەحەمەد عەلی میرزا، شای ئێستەی ئێران، سالی 1903 بۆ خۆی هاتە شوێنی رووداوەکە. موجتەهید میرزا حەسەن ئاغا ( وێنەی ژمارە

[10] فەناتیزم : fanatisme تعصب، تزمت

8 ) قەلاچۆکردنی موسڵمانەکانی بە دەست سەگە گاورەکان بۆ گێڕایەوە: خاوەنشکۆ فرمانی بە سالار دا ئاوایی بالولان لە گەڵ زەوی تەخت بکات و لە گەڵ بەگزادەکان ڕێکبکەوێ ( وێنەی ژمارە 9 ) و بە جۆرەی دەیانەوێ ڕازیانبکات. فەرمانی بە بەگزادەکاندا هەقی ئەوەیان هەبێ هەرچیەك بیانەوێ لە مەسیحیە کلدانییەکانیان بکەن. ئەمە لەوانەیە وا دەربکەوێ جێگەی باوەڕپێکردن نەبێ، بەڵام بەمشێوەیە لە ناو مێژوودا نووسراوە. ئەوکەسەی کە فرمانی حوکمی خاوەنشکۆی پێراسپاردرا بوو حوکمەکەی بۆ بەگزادەیەکی ماوانە ( وێنەی ژمارە 10 ) خوێندەوە. ئەمیان نەیدەویست بە هیچ جۆرێك باوەر بەمە بکات و گوتی : (( جا ئەگەر خاوەنشکۆ شازادە ئێمە وەکوو گوناهبار حسێب دەکات، با بۆ خۆی سزامان بدات )).



وێنەی پانزەهەم : عوسمانیەکان لە ماوانە

هەڵگری فرمان پێی ووت تا میرزایەك رەوانە بكات و میرزا هات و فرمانەكەی بۆ خوێندەوە كە هاوچەشنەی ئەم تێرمانە بوون. چەند رۆژێك دواتر، هەزاران كورد پەلاماری ماوانەیان دا : 2000 بزن یان برد، 18 كەسیان كوشت، بەڵام نەیانتوانی دەست بەسەر ئاواییەكەدا بگرن.

كوردەكان چیتر بواری ئاشتیان بۆ مەسیحیەكان نەهێشتەوە كە خۆشبەختانە لە لایەن ئەنگلستانەوە داكۆكیان لێدەكرا. ئەگەر لە بەر پشتگیریلێكردنی ئەنگلستان نەبووایە ئەوا هەموویان رەشەكوژ دەكران و كوشتنی مسیۆنێری ئەمریكی واپێدەچێ تۆڵە سەندنەوەیەك بێت دژی ئەوان. دانیشتوانە كوردەكانی تەرگەوەر پێك دێن لە :

1- مشتێك رێگر كە بۆ دزی و چاپاوڵ لە دەوری بەگێك كۆبوونەتەوە. لە نێوان ئەو بەگانە، هەیانە كە گەلە سەگێكی 10 تا 20، تا 60 سەگی تێرنەخۆرەی لە دەورە. خاوەنەكەیان دەبێ نان و چەكیان بدەنێ و ئەوانیش دەبێ گوێرایەڵی بكەن و هەر جارێكیش بیانێرن بۆ تالان و برۆیی لە لایەكەوە، بەگ بێجگە لە شتی دیكە بەشێكی دەستكەوتەكەیان دەداتێ و كاتێكیش تالانچیەكە پیر دەبێ، خەریكی كشتوكاڵ دەبێ و هەمیشەش هەر بوونەوەرێكی بەرهەمهێنە.

2- بەگەكان خۆیان كە سەدان بنەماڵەیان هەیە، ئەوانە هەموو خۆشگوزەرانیەكیان هەیە، بە شێوەیەكی ترسناك زیاد دەكەن و هەرگیز خۆیان ناخەنە ناو مەترسییەوە، چەكیان پێدەدەن و بە پیاوەكانیان شەر دەكەن و پیاوەكانیش خوێنی خۆیان دەرێژن.

3- دانیشتوانی خەڵكی رەسەنی ناوچەكە یان كرمانجەكان ( كوردە نیشتەجێیەكان ) ئەمانە ژمارەیان كەمە، تەنها لە نزیكەی پێنج گوندا دەژین. بە بێ بەگزادەكان، دانیشتوانی تەرگەوەر زۆر بەختیار دەبن، چونكو وڵاتەكەیان زۆر بە پیتە و لەوەرگای چاك و مێرگی چاكی هەیە كە پووش و پەلاشێكی زۆر بە دەستەو دەدات. خاوەنەكەیان یان ئەگەر حەزبكەین وای ناوبنێین ئاغەكەی تەرگەوەر، سالاری كوری كۆنە ئیقبال ئەلدەولە، هەموو زەوییە ناوچیاییەكانی

بە کریٚ دابوو بــە رووســێك کــە رقــی ئەنجوومــەنی ورمــیٚ ی دژبــە خۆی

وورووژاندووە.

# IV

## مەرگەوەر

مەرگەوەر شیوێکی بە پیت و فەرە، ئەو هێندە بەر تالان و بڕۆیی کەوتووە کە پەندێکی ناوەخۆیی هەیە دەڵێ (( گوێرەکەی تێدا نابێتە مانگا لەو تەوێڵەی کە لە دایك دەبێت، واتە بەر لەوەی ببێتە مانگا دەدزرێ )). خەڵکەکەی نە ئارامن و نە دەشتوانن جێگیر بن تەنیا هۆزە بە هێز و جەنگاوەرەکان دەتوانن خۆیان تێیدا رابگرن. مەسیحیەکان وون بوون و تەنها ژمارەیەکی یەکجار کەمیان لێ ماونەتەوە.



وێنەی دوانزەهەم : سابلاغ بە ئالأی عوسمانییەوە

هەرچی هەرێمە هاوسێیەکانیان بوو ملیان دانەواند، ئەمانە هەر تەنها ب
ناو ملیان دانەواندبوو. عەسکەرخان، مامی سالار بەر لە پەنجا سالْ چەکی
هەڵگرت و تێدا چوو. دواتر رەشەکوژی قەرەپاپاق[11] بەسەر داهات کە بۆ
دەستبەسەرداگرتنی مەرگەوەر نێردرابوون. دانیشتوانەکەشی بریتین لە کوردە
کۆنە نیشتەجێیەکان کە سەر بە بەگێکن کە ناوی مەحەمەدە، فراکسیۆنێکی
هەرکی سیدۆنی Sidonäs کە 600 مالْ دەبن و سەرۆکەکەیان کەریم خان و قاسم
ئاغایە و نزیکەی 100 ماڵی نەستووری لێ یە.

لاهیجان مامەشەکانی لێدەژی کە سەرۆکەکەیان هەمزە ئاغایە، مەنگورەکان
بایز ئاغا و باپیر ئاغا بەرێوەی دەبەن. لە شنۆ هۆزی زەرزای[12] Zarzas لێ یە، لە
سابلاغ موکیەکان یا موکریەکانی لێ یە ( وێنەی ژمارە 11 ).

---

[11] قەرەپاپاق: هۆزێکی کوردی شیعەیە و بە گوێرەی مەسعود کەیهان یەکێکە لە هۆزە کوردەکانی ئازەربایجان و زمانیان کوردییە و کاریان کشتوکالْ و مەردارییە، بروانە.، مسعود کیهان، *جغرافیای مفصل ایران*، 2، مطبعة مجلس، تهران، 1311، ص : 109.

[12] هۆزی زەرزا لە شنۆ و گوندەکانی دەوروبەری دەژین، مەردۆخی نووسەری کتێبی *کورد وکوردستان* دەنووسێ: زەرزا نزیکەی چوارسەد بنەماڵەن و لە دەوروبەری ورمێ دەژین و زەرزان یشیان پێدەڵێن. مەسعود کەیهان ساڵی 1311 ی هەتاوی ژمارەیان بە 400 بنەماڵە دەخەملێنێ، بۆ زانیاری زێتر بروانە، ایرج افشار سیستانی، *مقدمەای بر شناخت ایلها، چادرنشینان و طوایف عشایری ایران* ( جلد اول )، پائیز 1366، ص. 179.

# V

ساڵی 1880 گرانیەکی بێئامان هەموو ئازەربایجانی گرتبۆوە کە تەواوی هەرێمەکەی لە بەر یەکهەڵوەشاندەوە و زۆر کەسی کوشت و کردەی تالانوبڕۆیی گەیشتە بەرزترین ئاست. کوردەکان، کە سوپاییکی چەکدار بە دە هەزار چەکی مارتینی یان هەبوو کە لە ماوەی شەڕەکانی تورکی ـ رووسی کەوتبووە بندەستیان، ئازاییەتیەکی بێوێنەیان نواند.

مانگی ئووت، شێخ عوبەیدوللا دوای ئەوەی هێزەکانی لە دەوری خۆی گرد کردەبۆوە تەنها چاوەروانی هەلێکی لەبار بوو بۆ هێرشبردنە سەر ئێران. شێخ عوبەیدوللا پیاوێکی خوێنخۆر sanginaire و دڵرەق بوو، بەلام لە ناو هەمووکوردەکاندا کەسایەتییەکی پیرۆز بوو. شێخ پێشتر ناکۆکی لە گەل تورکەکان هەبوو کە وەکوو ئاژەڵی کێوی bête fauve سەرە دوویان نا، شێخ لەوە دەترسا بیبیننەوە بۆیە هەلاتە ئێران، تورکەکان داوایان لە ( شا) کرد تەسلیمی بکەنەوە، بەلام سەرنەکەوتن. دوای ئەوەی ( شا) رەتیکردەوە شێخ عوبەیدوللا بداتەوە دەست تورکەکان، سولتان تاکتیکی خۆی گۆڕی و لە گەل یاخیبووەکان پێکهات کە بەو مەبەستە ئاراستەیان بکات تا هێرش بکەنە سەر ئێران.

لە مانگی سێپتامبەر حاکمی سابلاغ، شازادە لوتفوللا میرزا[13] لە وەرگرتنەوەی مالیاتی وە درەنگکەوتووی لە لایەن کوردەکانەوە وەزالە کەوتبوو، ناچار بوو ژمارەییەکیان لێ زیندانی بکات. لە نێو ئەو زیندانیانە

---

[13] شازادە لوتف عەلیخان، پیاوێکی لووتبەرز و بە تەماعێکی زۆرەوە دەستی کرد بووە کۆکردنەوەی زێر و پوول و هەر رۆژە بە بیانوویەک ئاغایەک و رەئیس عەشیرەتێکی دەگرت و شتێکی لێدەقاچاندنەوە، بڕوانە، محمود احمد محمد ، *مێژووی هۆزی بلباس لە کۆنەوە تا ئەمرۆ*، بەرگی یەکەم، سلێمانی 1989 لا: 121

دوانیان[14] لە دەستوو پێوەندەکانی سەرۆکی بەهێز: هەمزە ئاغا بوون. هەمزە ئاغا بێگومان بە شێوەیەکی ئاسایی داوای ئازادکردنی دەستبەجێی زیندانیەکانی کرد و خۆی کرد بە کەفیلی دانەوەی هەموو ماڵیاتی ناوچەکە. شازادە لەم بەخشەندەییە سەرسام بوو و پێی وابوو دەبێ پێوەندی بە پایتەختەوە بکات، لە گەرانەوەی نامەی پایتەختدا فرمانی بۆ هاتبوو کە بە خۆی کەسی هەمزە ئاغا کە دەمێك بوو بە تاوانی خیانەت گوناهبارکرابوو دەستگیر بکات، بۆ ئەم مەبستە لوتفوللا داوەتی هەمزە ئاغا دەکات تا پێکەوە لە بارەی ماڵیاتەکانەوە راوێژ بکەن. سەرۆکی کورد هەمزە ئاغا بە بێ هیچ گومانێك هاوڕێ لە گەڵ یاوەرەکانی سەردانی شازادە دەکات[15]. هەرکە هەمزە ئاغا دەستەوجێ دەگاتە ژوورەوە پێ دەڵێن زیندانیکراوە: سەرەتا ئەمە پێکەنینی لە لا دروستدەکات، بەڵام کە دەبینێ ئاسنبەدێکی گەورە بۆ لە ملخستنی ئامادەکراوە شێتگیر دەبێت و هەر بە خەنجەر کەسی ئاسنبەند هەڵگرەکە دەکوژێ، یەکێك لە یاریدەدەرەکانی بە سەختی بریندار دەبێت، بە دوای شازادە[16] و ئەو کەسانە دەگەرێ کە لە ناو ژوورێکی دوور لە کونجی ماڵەکانیان خۆیان شاردۆتەوە. دەرگای سەرا هەڵدەتەکێنێ و دەگاتەوە لای نیزیکەکانی خۆی و دەچێ ئەو دوو زیندانییە ئازاد دەکات کە مەبستیەتی و پاشان هەڵدێت. لەو کاتەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە هەشتسەد چەکداری چاك تەیار

---

[14] ئەم دووکەسە یەکیان عەزیز ئاغای فەتاح بووە و ئەوی دیکەشیان وا پێدەچێ و دوور نییە فەیزوللا بێگ یا مینە ئاغای سەرکهۆزی کوردەکانی ناوچەکە بووبن. وەرگێر.

[15] هەمزە ئاغا لەم سەردانەدا حەمەدی برازا، سلەمانی قلیانداری و سێ کەسی دیکە لە نۆکەرەکانی لە گەڵ بووە، بڕوانە : محمود احمد محمد ، *مێژووی هۆزی بلباس لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ*، بەرگی یەکەم، سلێمانی 1989 لا: 122

[16] عەباس میرزا ملك ئارا لە کتێبەکەی خۆیدا دەنووسێ گوایە لەم کاتەدا شازادە هەڵاتووە بۆ ئەندەروون و پەنای بۆ ناو ژنان بردووە، بگەرێوە بۆ: دکتر عبدالحسین نوائی، *شرح حال عباس میرزا ملك ارا*، انتشارات بابك، 1361، تهران، ص: 154.

دەکات و لوتفوللا میرزا جورئەت ناکات تا لە شاریش بچێتە دەرەوە. بێگومان دواتر هەمزە ئاغا دەچێتە زیارەتی شێخ عوبەیدوللا و هەموو بنەماڵەکەی خۆی دەنێرێتە تورکیا.

لەوکاتەوە هێزەکانی ئێران کە دژ بە هۆزە ئێرانییەکانی پاژکی[17] Padjiks و مامەش[18] نێردرابوون لە گۆرەپانی جەنگ هەڵاتن، لەو کاتەدا شکاکەکان لە ژێر چاوەدێری سەرۆکەکەیان عەلی خان دەستیانکردبوو بە تالانوبرۆبردنی ماڵی خەڵکی. ئێرانیەکان تەنها لە رووی پرەنسیپەوە (مبدئیا) هاوپشتیان لە لە شکاکەکان دەکرد، لە کاتێکدا کوردەکانی عوسمانی و تورکەکان دنەی راپەرینی هۆزە ئێرانییەکانیان[19] دەدا. وادەردەکەوێ لە راستیدا هەردوو حکومەت هەڵە بووبن لەوەی بەمشێوەیە رەوتاریاندەکرد. بەڵام ئەوە تەنها حکومەتی ئێران بوو کە دەبوو بە دەست ئەم تێگەیشتنە سەیرەی سیاسەتەوە بناڵێنێ.

---

[17] پاژکی Padjiks یا وەکوو پازیکی pazeki : هۆزێکی کوردی کۆچەرە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ژمارەیان 4000 خێزان بووە و لە دەوروپشتی ڤێرمین Vermin و خار Khar نیشتەجێبوون. لە مێژوودا ئەم هۆزە زۆر بە توانا و ئازا بوون و لە دەوروبەری ئەرزەرۆمدا نیشتەجێبوون، بەڵام لە سەرەتای سەدەی شازدەهەم بەرەو خوار پەیتا پەیتا پەرت بوون و تا تەفرو توونا بوون، بە شێکی بچووکی چووە بۆ ئێران و لە وێ مایەوە، بە شێکیان ماون و بە کوردی دەدوێن و بە شێکی تریشیان بە تورکی دەئاخڤن. هەندێکیشیان لە ناوچەی "پازکیانە" لە رۆژهەڵاتی تاراندا دادەنیشن، بگەرێوە بۆ: هێنری فیلد، هۆزەکانی کورد، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە حسێن جاف، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، 1986، ل: 25.

[18] مامش، ماموش: هۆزێکی کوردییە لە ئازەربایجان لە ناوچەی لاهیجان لە رۆژئاوای باشووری سابلاغ نیشتەجێن، سوننین و لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ژمارەیان 300 خێزان بووە، بنۆرە.، هۆزەکانی کورد، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە حسێن جاف، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، 1986، ل: 25.

[19] بێگومان لێرەدا مەبەستی نووسەر لە هۆزە کوردەکانی بندەستی ئێرانە، وەرگێر.

قاو وا بڵاوبۆوە کە چەند ناوچەیەکی دەوڵەتی ئێران: شنۆ، دەشتەویل، مەرگەوەر، تەرگەوەر، برادۆست، سۆمای و چەهریق لە لایەن شیخ عوبەیدوڵڵاوە گیراون. دادپرسیکی تورك کە لە سەردانی شیخ گەڕاوەتەوە، کۆپی نامەیەك لە سولتانەوە، کە وا پیدەچی سولتان بۆ ئەم کەسایەتیەی نووسیبی کە تیایدا خاوەنشکۆ تەواویك وەکوو خۆی رەوتاری لەگەڵدا دەکات. رەنگە ئەم نامەیە هەر راستیش نە بووبیت apocryphe بەڵام کاریگەریەکەی ئەوەندە لەوە کەمتر نەبوو ئەو دەمانەی شیخ عوبەیدوڵڵا ئەم نامەیەی بە دەستدەگات - وەکوو کەسایەتیەکی حسابێۆکراو و خاوەنشکۆ.

بە هەر حاڵ، جا تۆبلیی هەر بەردەوامبین لەوەی هەر بلیین شیخ دۆستی ئێرانە. شیخ عوبەیدوڵڵا بە دوای ئەوەدا دەگەڕا سەرۆکە کوردەکانی ئەم وڵاتە بۆ لای خۆیەوە رابکیشی، ئەم سەرۆکانە دوور بوون لەوەی بتوانن بەرگەی سەرپیچی شیخ عوبەیدوڵڵا بگرن و بە هەمان شیوە لە لایەن تارانیشەوە هاوپشتیان لینەدەکرا. بەمشیوەیە شیخ ژمارەیەکی زۆر سەرۆکی کوردەکانی لە خۆی کۆکردەوە و لەو دەمەوە، کورەکەی خۆی شیخ عەبدولقادری نارد بۆ هێرشبردنە سەر مەرگەوەر بۆ سەر ناوچە هەرێمەکانی ئێران.

هەر لە دەوروو بەری هەمان سەردەمدا بوو کە هەمزە ئاغا، پێوەندی بە شیخ عوبەیدوڵڵا وە کرد. خەنیمەکەی هەمزە ئاغا، شازادە لوتفوڵڵا میرزا توانی لە سابلاغ رابکات. دەوڵەتی ئێران هەراسان بوو، دەستیکرد بە خۆ ئامادەکردنی سەربازی، تەواوی فەوجەکانی خۆی ( 12 فەوج ) کە سێ فەوجیان چەکی شاسپۆت[20] chassepote یان پێبوو. هاوریێ لە گەڵ تۆپخانە خستنەکار. مانگی ئۆکتۆبەر، لە شکری شیخ عوبەیدوڵڵا قەڵای چکۆڵەی لاهیجان، مەرگەوەر، شنۆ، دەشتەویڵ، سۆلدوز، سابلاغ یان گرت. کوڕە گەورەکەی شیخ ( شیخ

[20] Chassepot : جۆرە چەکیکی فەرەنسییە، بە ناوی داهینەرەکەیەوە Antoine Théodore CHASSEPOT ( Mutzig 1833-Gagny 1905), کراوە، سالی 1866 دروستیکرد و لە ماوەی سالەکانی 1866 تا 1874 سوپای فەرەنسیی بەکاریهیناوە، وەرگیر.

عەبدولقادر)[21] بە خۆیی و پانزە هەزار چەکدارەوە سەرکردایەتی ئەم لەشکرکێشیەی دەکرد.

لە سەروبەندەدابوو کە شێخ عوبەیدوللا دەمامکی لە سەر خۆی لاداو بۆ سەرۆکی ئایینی ورمێی نووسی:

*( من هیچم نییە دژ بە شارەکەی ئێوەوە، ئازارتان نادەم، بەلام قاجارەکان تەواو حوکمیانکردوەو ئەم هەرێمانە دەبێ بدرێنەوە بە ئێمەی نەوەی پێغەمبەر).*

کوردەکان تا مەراغە پێشرەویانکرد، تالان و دزیانکرد و هەموو شتێکیان لە سەر رێگەدا قەتل و عامکرد. تۆروس تەواو هەژا بوو، لە تەواوی ئەم ماوەیەدا ترس و تۆقین گەیشتبووە چلەپۆپە. لە ولاتی ئێران دا دەکرێ بەئاسانی بترسێن. ئەو هێزەی مەراغەیان ئابلۆقەدابوو هەر زوو گەیشتە بیست هەزار چەکدار: رێگەی بیناب - یشیان بڕی و ژەنەرالی ئێران ئیعتمادو لسەلتەنە بە خۆیی و پێنج هەزار سەربازەوە بە هەموو توانایەکیەوە بەرگری دەکرد: هاورێکەی ژەنەرال ئاغا خان بە سەرکەوتوییەوە هێرشێکی توندی بەرپەچدایەوە کە کرایە سەر بیناب.

کوردەکان زانیان کەوا شازادە هەمزە میرزا بە خۆیی و دوانزە فەوجەوە بۆ سەر سابلاغ هەڵدەکشێ و لەو لای دیکەشەوە کوردەکان لە سوێی شکستیان لە بەرامبەر بیناب، لە ناوچەکە کشانەوە، لە کشانەوەیاندا لە ژێر سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوللا و دوو لە کورەکانی ناوچەکەیان تالانوبرۆکرد. تەیموور پاشا خان- لایەنی ئێرانی- لە ناکاوێکدا دەستەوگیرییان بۆوەو سەدانی لێکوشتن، هێشتا کوردەکان دوورتر کەوتنەوە، بەلام هەرزوو لەشکرەکانی ئێران کە لە لایەن ئەو هێزەی لە تۆرۆسەوە نێردرابوون هاوپشتیان لێدەکرا - نیزیکەی سی هەزار سەرباز لە سێ لاوە تەنگیان بە کوردەکان هەڵچنی.

---

[21] راستیەکەی شێخ موحەمەد صدیق (؟ 185 - 1911) کوری گەورەی شێخ عوبەیدوللا بوو و شێخ عەبدولقادریش ( 1857-24-5-1925) کورە بچووکەکەی شێخ عوبەیدوللا بوو، وەرگێر

لە مانگی نۆڤەمبەرەوە شێخ عوبەیدوڵڵا دوای ئەوەی ماوەیەک بوو شکی بوو، کەوتەوە هێرشبردن و تا هەنارە، ئاواییەکی نزیک بە ورمێ رۆیشت. تەیموور خان لە گەڵیدا کەوتە شەرێکی سێ رۆژییەوە کە رەوشەکە هەر بە نارۆشنییەوە مایەوە: لەو کاتە بوو کە سەدو پەنجا ئاوایی وێرانکران. کوردەکان قەڵای ئیسماعیل یان، لە سێ فەرسەخی شاری ورمێ گرت و لە نوێوە دەستیان بە گەمارۆدانی شار کردەوە.



کوردەکانی بەگزادە لە مەرەوا

جەنگ، جەنگی تاڵانوبرۆیی لەملاو ئەملاوە کەمێک سیمای شەرەکەیان گۆڕی و بوو بە شەری مەزهەبی. شیعەکان سونیەکانیان دەکوشت و سونیەکانیش بە هەمان شێوە. ژەنەراڵ ئیعتماد ئەلسەلتەنە لە سۆنگەی هەڵپەرستی خۆیەوە هەتا هاوخەباتکارەکانی خۆیشی تاڵانبرۆ دەکرد. هەر لەم

سۆنگەیەوە بوو کە ژەنەرال ئاغا خان و حاکمی نوێی سابلاغ، حاجی سەدری ئەلدەولە لێی جیابوونەوە.

هەڵبەت ئەستێرەی شێخ عوبەیدوڵلا لە نوێوەوە کەوتەوە لێژی. گەیشتنی سوپاسالار، تا ناو چیا ( شوێنی نشینگەیی ئاسایی شێخ ) بە دوایانکەوتن لە کاتێکدا شێخ عەبدولقادر بە خۆیی و دوانزە هەزار چەکدارەوە لە مەرگەوەر مایەوە، کە دواتر سوپاسالار هێزەکەی بەرەو رووی ئەو وەرچەرخاند. لەم لەشکر کێشییەدا هەموو ئاواییەکانی هەمزە ئاغا وێرانبوون و خەڵکەکەی کەوتنە بەر زەبری شمشێر- شنۆ لە لایەن ئێرانەوە گیرایەوە و بە تەواوی وێرانیانکرد. لەشکرکێشیەکە ئامانجی تالانوبرۆیی بوو، شارەکان سوتێنران، بەرووبوومەکان سووتێنران، چارەوەکان بێدەرەتانکران، خەڵکەکە رەشەکوژکران، وێرانکارییەکی بێوێنەبوو. هەرچی هەمزە ئاغا خۆی بوو بە خۆیی و هەزار پیاوەوە پەنای بردە بەر دارستانێك چوار رۆژە رێ لە سابلاغەوە دوور ناوی سەردەشت بوو.

دواجار ئێران و تورکیا گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە رادەیێك بۆ ئەم هەموو تالان و برۆییە دابنێن. سوپاسالار کە ( سەردانی شاری خۆی کردبوو ) پێش رۆیشتنی ژەنەرال میرزا رەزا خان و بارۆن Leitner لە ورمێ وە بۆ وان، بۆ لای نزار پاشا، کۆمیسێری حکومەتی عوسمانی ناردبوو تا داوا بکات:

1 – کوردەکانی ئێران کە پەنایان بردۆتە بەر تورکیا بگێردرێنەوە و لەناو ئەوانەشدا هەمزە ئاغا.

2 – سزادانی شێخ عوبەیدوڵلا.

3 – بژاردنەوەی ئەو زیانانەی لە ئێران کەوتوون.

بەڵام کۆمیسێری عوسمانی رایگەیاند کە ئەو بەرپرسیارییە پێویستەی نییە و لەمبارەیەوە سوپاسالار تارانی ئاگادارکردەوە. لەم ماوەیەدا شێخ عوبەیدوڵلا پلانی دەگێڕا تا هێشتا نارازییەکان لە خۆی کۆ بکاتەوەو لە خاکە لێوەدا دەست بە جەنگ بکاتەوە. ئێمە ئێستە لە ژانڤیەی 1881 یداین.

ئەو هەواڵانەی کە لە ماوەی ئەم زستانەدا بڵاودەبوونەوە بە زۆری ئەوەیاندەگەیاند کە جەنگ یا ئاشتی تەنها دەوەستێتە سەر حکومەتی عوسمانی، کە بە دوای ئەوەدا دەگەڕا چاکترین هەڵوێستی شیاو وەربگرێ. لە مانگی فێڤریەدا وەلیعەهد بانگرایە تاران و حەسەن عەلی خان گەڕوسی کرا بە حاکمی ئازەربیجان کە لە ( پاریس بە جل و بەرگی بالوێزییەوە دەیناسن ) کە ئەرنەم تۆرۆس لەلایەن علا ئە لدەولەوە بەڕێوەدەچوو، بەمبۆنەیەوە حەسەن عەلی خان ناوی ئەمیر نیزام– وەرگرت. رۆژی 25 ی ئاداری 1881 گەیشتە تۆرۆس.



کلدانییە ئاوارەکان لە کونسلخانەی رووسیا لە ورمێ



مەحەمەد خان، سکرتێری کونسلخانەی تورکیا لە سابلاغ

لە مانگی نیسانی 1881 شێخ عەبدولقادر لە کەرکووکەوە گەرایەوە ناو چیا بۆ لای باوکی، بۆ رێکخستنی چەند رێگرییەکی نوێ بۆ داگیرکردنی

هەرێمەکانی ئێران. ئێرانیەکان لە لایەن خۆیانەوە ئۆردوویەکیان لە چەن فەرسەخی باشووری ئزیك بە مەرگەوەر کردەوە کە دەگەیشتەوە سەر ئەو شێوەی کە دەیروانیە سەر پێدەشتەکەوە. ئەمیر نیزام لە هەموو لایەکەوە لەشکری کۆکردەوە، سەرباز لە تارانەوە گەیشتبوون، بڕوا بەخۆبون خەریکبوو لە دایکدەبوو.

لەو دەمانە کۆمەگ لە کامپی ژەنەرالی سولتانی عوسمانییەوە گەیشت. سولەیمان پاشا، هەڵگری نامەیەکی دەستخەت لە سولتانەوە بۆ شای ئێران بە یاوەری شازادە سولەیمان موراد میرزا گەیشتە تۆرۆس، ئەمە نامەی ئاشتی بوو. دواتر تێگەیشتین کە تورکیا هێزەکانی ناردووە بۆ بە شوێنداچوونی شێخ عوبەیدوڵلا. سێ رەتلی عوسمانی بەرەو نەهری، دیزە و جولەمێرگ بە رێکەوتوون و بابیعالی رایگەیاندووە کەوا کوردەکان ناچاردەکات بۆ ئەوەی هێرشەکانیان بۆ سەر هەرێمی ئێران رابگرن.

سولەیمان پاشا لە راستیدا لە تاران شتەکانی رێکخستبوو:

1 - تورکیا دەبێ شێخ عوبەیدوڵلا و خێزانەکەی لە ناوچە هاوسێیەکانی ئێران بە دوور بخاتەوە.

2 - تورکیا هەمزە ئاغا و سەرۆکهۆزە کوردەکانی دیکەی بندەستی ئێران تەسلیم بە ئێران بکاتەوە، لە هەمانکاتدا ئێران دەبێ لە لایەن خۆیەوە رێگە لە شکاکەکان بگرێ کە دەچن هەرێمەکانی عوسمانی تالانبرۆ دەکەن. هەر دەستەوجێ ئەم رێککەوتنە تەواو بوو، سولەیمان پاشا چوو بۆ وان، نافیز پاشا نێردرا بۆ نەهری بۆ لای شێخ عوبەیدوڵلا تا داوای لێبکات بچێتە کۆنستانتینۆپل: شێخ بە بێ ئەوەی یەك وشەش بڵێ چوو بۆ کۆنستانتینۆپل.

هەمزە ئاغا بە کەمەندی تەدبیر لە ناوچوو. سەربازانی تورك دەستیانکرد بە لەشکرکێشی و دواتر لە ناکاوێکدا نیازی زۆر داخراوی خۆیان نیشاندا لەوەی بیدەنەوە دەست (شا) و داوای لێبووردن لە (شا) بکات.



لەشکری کوردەکان لە ژێر سەرکردایەتی ئەفسەرە ئێرانییەکان

هەمزە ئاغا داوای لە حەسەن عەلی خان کرد ( کە ئەوکات لە سابلاغ بوو ) تا خۆی بچێ بیهێنێتەوە. حەسەن عەلی خان ئەمەی قەبووڵکرد، چەند پیاوی هەناردن تا دوو رەشماڵی لە بەرانبەر بەیەك بۆ هەڵبدەن و پێشنیاری بە هەمزە ئاغا کرد لە یەك کاتدا لە گەڵ ئەو بچێتە ئەوێ. بێگومان واپێدەچێ حەسەن عەلی خان لە ناو یەکێك لە رەشماڵەکاندا لە ژێر زەوییەوە چاڵێکی هەڵکەندبێت. هەردوو خەنیم لە یەك کاتدا بەرەو شوێنی بەیەکگەیشتن دەچوون و هێزەکانیشییان بە دواوە بوو. هەمزە ئاغا بەر لە ئەمیر چووە ناو رەشماڵەکەیەوە لە گەڵ ئامۆزا و دوو کەسی دیکەی بنەماڵەکەیەوە. ئا لەم کاتەدا بوو ئیشارەیەك کرا ، ئەمیر لە کونەکەی خۆیەوە خۆی هەڵدایە سەر ەوە و گوللە بە لاشاو لە کامپی ئێرانەوە دەهات و هەردوو رەشماڵیان پارچە پارچە کرد و هەموو ئەوانەی لەناویاندا بوو کوژران.

کارەکە تەواو بوو و ئەمیر نیزام سەرکەوتووانە لە کونەکەی خۆیەوەیەوە هاتە دەرەوە[22]. لە مانگی ئایاری 1882 بابیعالی سەرۆکی گیراوی کورد (شێخ عوبەیدوڵلا) ی ڕەوانەی جێگەی خۆی کردەوەو بەرە بەری مانگی ئووت ڕێگەی دا شێخ عوبەیدوڵلا ئازاد بێت، بەلام لەسەر پرۆتستۆی توندی تورەی ئێران، بابیعالی لە نوێوە گرتیەوە، ڕەوانەی موسلی کرد و لەوێشەوە بۆ مەدینە و لەوێدا مرد.

[22] بە گوێرەی یادداشتەکانی ئەمین ئەلدەولە کە لە یادداشتەکانی خۆیدا نووسیوویە گوایە فراشباشی حەسەن عەلی خانیش لە ناو ڕەشماڵەکەدا کوژاوە، بگەڕێوە بۆ علی دهقان، سرزمین زردشت ...... هەمان سەرچاوە ی پێشوو، ل: 410.

# VI

## A

پێدەشتی برادۆست - بە شە مولکی شێخەکانی ناوچیایە- لە ناو ژمارەی گوندەکانییەوە، هەردوو ئاوایی سێرۆ و ساردک دەبینرێن. ئەم ناوچەیە- بە توتن بە ناوبانگە - و لە باشووری- رۆژئاوای ورمێ یە و دەکەوێتە ناو خاکی تورکیا و ئەودیو چیایەکانی مەرگەوەر و دەشتەوە. ناوەندی قەزاکەی chef-lieu دەکەوێتە نەهری، گوندێکی چکۆلانەیە شوێنی نیشتەنی شێخە.

بینیمان کە ئەمەیان بەر لە بیست و حەوت ساڵ پێیان وتووە شێخ عوبێدوللا Cheikh Obeîd Oullah.، دواتر کورەکەی شێخ صدیق جێگەی گرتەوە. ئەم پیاوە ( واتە شێخ صدیق )[23] زۆر دەوڵەمەند بوو و تا دوا راد فێڵباز بوو و رۆڵێکی سەرەکی بینیی لە داگیرکردنی عوسمانی بۆ سەر ناوچەکانی دەڤەری ورمێ.

ئەو دوو ئاواییەی کە ئێمە ئێستە باسیان لێوەدەکەین : سێرۆ Séro و ساردیک Sardik، لە هەشت فەرسەخی رۆئاوای ورمێ، کەوتوونەتە دەروازەی ئەو شیوەی کە دەگاتەوە شاری بێجارگەی تورک و لە وێشەوە بۆ دزە، ناوەندی قەزاکەی chef-lieu دەشتا گەوەرێ : ئەوانە هەمیشە وەکو بەشێکی تەواو لە خاکی ئێران حسێبکراون.

---

23 بۆ کورتە باسێك لە بارەی بیۆگرافی شێخ صدیق بروانە : *شۆرشی شێخ عوبەیدوللای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فرەنسییدا 1879- 1882*، وەرگێرانی لە فرەنسییەوە : نەجاتی عەبدوللا، سلێمانی 2004، لا : 96-97.

بەمشێوەیە نزیکەی حەوت ساڵ دەبێ، کوردێک کە لە ناوخاکی تورکیادا تاوانی ئەنجامدا بوو و لە لایەن دەسەڵاتکارانی پۆلیسی عوسمانییەوە بە دوایدا دەگەران و هەڵاتە سیرۆ دەسەڵاتکارانی ناوەخۆی بێجارگە بە شێوەیەکی رەسمی داوایان لە حکومەتی ورمێ کرد کە تاوانبارەکەیان تەسلیم بکاتەوە. حاکم وەڵامی دایەوە ئەم کاری بەسەر ئەمەوە نییە - چونکە سیرۆ کەوتۆتە ناو خاکی عوسمانییەوە.

شێخ صدیق لێنەگەرا هەلێکی ئاوا چاکی لە دەست بچێ: ساڵی 1903 لەم ناوچەیەدا قەڵایەکی دروستکرد کە سەرەتا لە لایەم مەحەمەد ئاغای باوکی جەعفەر ئاغای زۆر بەناوبانگ دەستیبەسەردا گیرا، پاشان کرا بە ئۆردوویەکی چکۆڵەی عوسمانی. پاشان ئەم کردەوانە لە ووتووێژێکی پشوودرێژانەدا ئەنجامیان هەبوو، بەڵام ئۆردووی عوسمانی لە شوێنی خۆیەوە هەر نەجولا، لەم ساتەوە گوندەکە وەکوو ئاواییەکی تورکی حسێبی بۆ دەکرێ. ئەمەیان یەکەم تەجاوەزی تورکیا بوو لە ناو خاکی ئێرانەوە.

# B

هۆزی زۆر بەهێز و نیمچە کێوی مەنگورەکان لەسەر ئەم خاکە دەژین کە باشوور-رۆژئاوا و رۆژئاوای سابلاغ دەگرێتەوە. برێک لە مێژوونووسەکان دەیانەوێ بیانگێرنەوە سەر خانەوادەی کۆنی ئەرمەنیەکان (( مانگوونەکان )). ئەم زەوی و زارانە، شیوەکان وچیاییەکانیان زێدە بە پیت و فەڕن و تا سنوورەکانی لاهیجان، تا وەڵاتی گەورکەکان *Govriks* درێژ دەبێتەوە. بە شێوەیەکی ئاسایی، حکومەتی ئێران سەرۆکێکی کورد کە لە هەموویان بەهێزتر بێت دەکات بە حاکمی هەرێمی سابلاغ، ئەوە ئەویانە کە فەرمان دەردەکات و کاروبارەکان بەرێوەدەبات و مالیات کۆدەکاتەوە. هەرچەندە زۆرتر رێزلیگیراوتر بێت، هێندەی تر ملی بۆ دادەنوێنن، چونکە هەڵبەت وادەبێ لە هەموان دەوڵەمەند تر و بەر نفوزتر دەبێت و ژمارەیەکی زۆر لایەنگیر پشتیوانی لێدەکەن کە تاکە هۆی بە دەسەڵات گەیشتنیەتی.

هۆزی مەنگور : تا ساڵی 1903، پیاوێك بوو بە ناوی بەیزاد ئاغا ( باییز ئاغا )، پیاوێکی زۆر جەسوور بوو و بەرەچەڵەکی خۆیەوە دەنازی.، بەڵام هەر زوو لە تارانەوە کەسێکی دیکەیان بە ناوی باپیر ئاغا پەسند کرد و لە جێگەی ئەویان هەڵپەستا. ئەم باپیر ئاغایە کوری هەمزە ئاغا بوو کە سەرکردایەتی هێزەکانی شێخ عوبەیدوللای کرد وەختایەك شێخ عوبەیدوللا هێرشی کردە سەر ئێران و ناوچەکانی ورمێ، سابلاغ و میانداوی تالانبرۆ کرد. پێشتر بینیمان چۆن کوشتیان. باییز ئاغا کە بینی کورە خۆفرۆشێك لەو پەسند ترە و زیاد لە پێویست عیززەتی نەفسی هەبوو و وازی لە ئێران هێناو بە هەموو کەس و کارەوە چووە تورکیا.

ئەو پێشوازییەی لەم دیوی سنوورەوە لێیکرا بۆ هێورکردنەوەی ئازارەکانی گیانی بوو، حکومەتی عوسمانی لەقەبی پاشای پێدا و موچەیەکی مانگانەی بۆ بریەوە. بایز ئاغا دوودڵ نەبوو لەوەی هێرشبکاتە سەر وڵاتی خۆیی و لە گەڵ

مەحەمەد ئاغا رێککەوت ، پێشنیاری بۆ والی موسل کرد کە دەبێ لاهیجان بکەوێتە بندەستی تورکیا و دەبێ پێش هەموو شتێك دەستیبەسەردابگیرێ بۆ ئەوەی دواتر سەیری ئەو رووداوانە بکەین کە دێنە پێشەوە.

ئەوە ئیدارەی گومرگی بەلژیکی بوو کە مۆتیف یا بیانووەکەی بە دەستەوە دا: لەم سەردەمە کارمەندێکی ئەم ئیدارەیە فەرمان دەدات کەوا بیرۆیەکی گومرگی لەسەر سنووری لاهیجان بکاتەوە. ئەم ناوچەیە درێژییەکەی حەوت فەرسەخ و پانیەکەشی چواردە فەرسەخە و بە مەرو مالاتی چاك و پەنیری چاك بەناوبانگە، خەڵکەکەی لە کوردەکانی پیران و مامێلکن و پایتەختەکەی پەسوەیە لە هەشت فەرسەخی رۆژئاوای سابلاغەوەیە.



مەجید لەلسەلنەنە و یاوەرەکانی

نیسانی 1905، کارمەندێکی بەلژیکی کە پێشتر باسمان کرد، بەرێز Le leleu سەری لاهیجان دەدات و لە گەشتێکی پشکنیندا فەرمان دەدات کەوا

بینای ئیدارەیەکی گومرگی لە سەر کەناری رارەوی کێلە شین دروستبکات، کە لە رووی جوگرافییەوە ئێران لە تورکیا جیا دەکاتەوە و سەر بە ئاوایی تەنوورچیانە Tannurtchian. پشکنینەکە تەواو بوو رەفی خان، بەرێوەبەری بیژ و مەحەممەد ئەمین ئاغای سەرۆکی پیرانەکان لە گەرانەوەی بۆ ورمێ راپۆرتێکی بۆ دەنووسن کە تێیدا هاتووە. ناوچەیەکی خراپی هەڵبژاردووە، چ بە هۆی کەمئاوی و بەردەلانییەوە و چ بە هۆی بەفربارینی زۆر کە لە ناوەندی زستاندا دادەکات.

فەرمان درا ئەپارتومانەکانی گومرگ 3000 مەتر دوورتر، واتە زۆر نزیکتر لە تەمەرچیان دروستبکرێ. ئەم گوندەی دوایی بێ قەید و شەرت گوندێکی ئێرانییە. لەم ناوچانەدا دوو چیای بەرز تورکیا و ئێران لە یەک جیادەکاتەوە کە دەبنە سنووری سروشتی هەردوو ئیمپراتۆریا - تەمەرچیان هەمیشە مالیاتی داوە بە ئێران- مەحەمەد ئەمین ئاغای سنوورەوان و سەرۆکی پیرانەکان، ئەویش بۆ خۆی رەعیەتی تەمەرچیان و دەوروبەرەکانی بۆ ئێران قەبووڵ دەکات و ئەستەمە وادابنێین کە ئەم باڵەخانە گومرگیانە لە ناو خاکی تورکیا دروستکراون. لە سەرێکی دیکەوە هەموو جوگرافیناسەکان لاهیجان وەکوو زەویەکانی ئێرانی دەناسن و ئەم ئاواییە بە بێ هیچ گومانێك بەشێکە لە لاهیجان.

سێ فەرسەخ بەو لاوە لەو دیو رێرەوی چیای کێلە شینکە - بێگومان لە ناو خاکی تورکیایە - ئاوایی زینێ ی مالێتی لێیە کە شێخ کەمال ناوێکی لێ یە کە تا دوا رادە لە ناو پیرانەکان شێخێکی پیرۆزە. هەموو ساڵێك خەڵکی پیران بۆ حەجکردنی دەچنە دیدەنی و حکومەتی ئێرانیش هەڵدەقوزێتەوە بۆ ئەوەی داوای پاسپۆرت بۆ خەڵکی لاهیجان و دواتریش تەمەرچیان داوا بکات. شێخ کەماڵ نایەوێ باوەردارەکانی ناچار بکات ئەم سەرانە capitation قورسەیە بدەن و وایدەبینێ زۆر ئاسانترە ئەو خۆی سەردانی خاکی ئێران بکات و رەشماڵەکانی لە دەوروبەری نزیکی تەمەرچیان هەڵبدات.

رەشید ئەلمولك بۆ خۆی تەواو ئاگاداری هەموو پرسەکانی سنوور بوو و ب شێوەیەکی سەرسورهێنەر ناوچەی سابلاغی دەناسی، کە حاکمی ئەم ناوچەی بووە و تایبعیەتی ئەم ناواییە بۆ ئێران دووپات دەکاتەوە.

هەرچۆنێك بێت کاری باڵەخانەی گومرگ، لە 7 ی سەرەتانی 1905 دەستپێکرد، بەلام هەزوو حاکمی عوسمانیی رواندز - کە بایەزید ئاغای لابوو- نامەیەکی بۆ شێخ کەمال دەنوسێ تا ئاگاداری بکاتەوە کە ئەو گوێ ی لێبووە کەوا ئێرانییەکان بریاری دروستکردنی ئیدارەخانەیەکی گومرگیان داوە لە قەلا چینکە. (( جا ئەگەر ئەمە بە راستی وایە، " درێژەی پێدەدا " هەر ل سەرەتای کارەکە ئاگادارم بکەوە و سەرباز دەنێرم بۆ تێکدانی ئەم بیناسازییە )). - و راستیەکەی، لە 17 ی ئابی 1905، مینە باشی عەبدولرەحمان خان ب خۆیی و 40 سوارەی عوسمانی و 40 مەنگورەوە، چووە ناو خاکی ئێران و کارەکانی راگرت و بەرێوەبەری ناوەخۆیی گومرگەکەی زیندانی کرد.

ئەوکاتە حاکمی سابلاغ بۆ مەحەمەد ئاغای نووسی تا عوسمانییەکان ئاگادار بکاتەوە، ئەگەر لە بیست و چوار کاتژمێردا خاکی ئێران بە جێنەهێڵن، بە تەواوی وەکوو زیندانی جەنگ حسێبییان بۆ دەکرێ.

ئەمە بە هیچ شێوەیەك عەبدولرەحمانی نەشڵەژاند : لە گەڵ دەستوپێوەندەکانی تا ناوایی شنۆزەنگ Ouchouzang ی نزیك پەسوە هەڵکشان، کە لە وێدا لە گەڵ قەرەنی ئاغای کوری کۆنە میری عەشایری مامەش تێکهەڵپرژان کە فەرمانی پێدا بگەرێتەوە بۆ تورکیا. ئەمجارەیان نەیتوانی هیچ شتێك بکات جگە لە گوێرایەل، خۆی گەیاندە لای شێخ کەمال تا چاوەرێ ی رووداوەکان بکات.

عەبدولرەحمان لای ئەم کەسایەتیە پیرۆزەی بە هەڵزانی بۆ ئەوەی بکەوێتە پێوەندی لە گەڵ مەحەمەد ئەمین ئاغا و سەرۆکهۆزەکانی دیکە، دواتر بە پەلەداوان جارێکی دیکە لە کۆتایی سێپتەمبەر، هاورێ لە گەڵ کۆلۆنێل عیززەت عەولا بەگ، قایمقام عەبدوللا بەگ، لە گەڵ چەند فەوجێك و ژمارەیەك تۆپ و ئازووقەی جەنگی جارێکی دیکە چۆوە ناو خاکی ئێرانەوە. تەواو بە

هێمنی، وەك ئەوەی لە ناو خاکی خۆیاندا بن، لە پەسوە جێگیر بوون - کە لەو کاتەوە پەسووە لە بندەستی عوسمانیەکانە. 30 ی نیسانی 1906، چەند ژەندرمەیەکی عوسمانی[24] *zapité* کە لە لایەن خەڵکانی سەر بە شێخەوە کۆمەگی کرابوون، چوونە ناو مەرگەوەر و کارمەندانی بازگەی گومرگیان راو نان و دەستیان بە ماڵیات سەندن کرد.



Troupes persanes sous le commandement de Médjd-ès-Saltaneh.

لەشکری ئێرانی لە ژێر سەرکردایەتی مەجد ئەلسەلتەنە

28 ی فێڤرییە، ئیبراهیم بەگ ناوێك، بە خۆیی و سی سەرباز و سی پیاوی شێخ صدیقەوە چوونە ناو جۆرنێ و بە پێلاقە ئالای ئێرانیان داگرت و ڕەدووی کارمەندەکانی گومرگیان نا.

[24] zaptiié یا zaptieh : ژەندرمەی عوسمانی.

27 ی نیسان، بە ڕێوەبەری ئێرزین، هاتنی کازم بەگ و چل سەربازی عوسمانی بۆ سیرۆ ڕاگەیاند : چوون بۆ تەرگەوەر و تا ئاوایی کەلهور و تا دور فەرسەخی ورمێ ڕۆیشتوون. عوسمانییەکان بازگەی خۆیان لێدانا و ڕۆژی یەکی حوزەیران کازم بەگ بەرێوەبەر و کارمەندەکانی بازگەی ئێرانی ڕاونان. هەرچی سەبارەت بەوانەی برادۆست بوو، چەندین جار لە بێهک Béhik ڕەدوونرابوون، 17 ی سێپتامبەری 1906 بەدەرنران. Chiari ی موفەتیش، ڕەعایەی ئیتالیایی چوو بیانگێرێتەوە پۆستی خۆیان، بەڵام ڕۆژی 13 ی ئایاری 1907 بە یەکجارەکی ڕەدوونران. هەمان ئەم موفەتیشە دواتر سەفەرێکی موفەتیشیی بۆ ناو وڵات کرد بە درێژەی ڕووباری کێلاسەوە Kélas دەستپێکرد.[25]

---

[25] ئێمە کۆتایی ئەم گوتارەمان لە ڕاپۆرتەکەی ئەوەوە وەرگرتووە.

# C

بەرتەکی رووداوەکان لە دەڤەری ورمی و ئەو ناوچە سنووریانەی کە بیرۆی بازگەکانی : ئیری، مەرگەوەر، جۆرنی، یا دەشت، ئیرزینی یا تەرگەوەر و بیهك لە ناو برادۆست دەنگی دایەوە. مەرگەوەر لە پێنج فەرسەخی رۆژهەلاتی ورمێیە، پێدەشتێکە کوردەکانی هەرکی لێدەژین و سەرۆکەکەیان کەریم خانە. ئاوایی دەشت کەوتۆتە باشووری- رۆژئاوا، لە چوار فەرسەخی ورمێ وەیە و کوردەکانی بەیزادە و نەستوورییە کلدانیەکانی لێدەژین. تەرگەوەر، لە رۆژئاوادا لە شەش فەرسەخی شاری ورمێیە و کلدانیەکانی لێدەژین کە لەوە بەدوا لە ماڵی خۆیان وەدەرنران و لە ناو ئەم دەشتەدا سەرگەردان بوون.

برادۆست، لە رۆژئاوا، لە شەش فەرسەخی ورمێیە و کوردەکانی هنارەی لێدەژین. پێشتر هەر لە مانگی سێپتامبەری 1905 ەوە، بیرۆیەکانی سەر سنووری ئێران زۆربەی جار لە لایەن کوردە بندەستەکانی عوسمانییەوە پەلامار دەدران. لە فێڤریەی 1906، بەڕێوەبەری بازگەی مەرگەوەر ( دانیشتووی ئێرکی ) ئیشارەی بە بوونی سیخورەکانی تورك و هی شێخ صدیق دەکات لە نێوان هەرکیەکاندا کە دژ بە سەرۆکەکەیان، کەریم خان راپەریوون و پێیان وایە زۆر دلسۆزە بۆ ئێران ( ئەم دەڤەرە کان و دارستانی یەکجار زۆرە : کوردەکانی مێلکاری لێدەژین و پێی دەلێن سەردەشت ). بەڕێوەبەری بازگەی گومرگ نەك هەر بە بێ مەترسی، دەڤەری مەنگورەکان، ئەوەی گەورکەکانی تەی کرد و رۆژی 29 ی حوزەیرانی 1907 گەیشتە سەردەشت کە لە وێدا قەرەنی ئاغای سەرکهۆزی پشدەرییەکانی رەعایەی سولتانی بینی.

ئەمیان بە شێوەیەکی رەسمی بەرێز Chiari ئاگادار کردەوە و فەرمانی پێدا دەستەوجێ بە ویستی خۆی بڕوات ئەگەر نا بە هێز دەردەکرێ، بەرێز Chiari

ڕۆیشت بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی فەریق پاشا بێت. لە لاهیجانەوە، ئاگادار کرابۆوە " وەک خۆی دەڵێ " لە گەڕانەوەیدا سەری قەرەنی ئاغا ببڕدات، لەوکاتەوە سەربازانی عوسمانی - وەک ڕاپۆرتەکە دەڵێ - لە باکوور- ڕۆژئاوا، لە دوو سەعاتە ڕێ ی سەردەشت بوون، سەرقاڵی دەرهێنانی کانزا خاوەکانی زێر بوون لە کانەکانی ئاوایی ئاغالان Aghalan دا.

مانگێک دواتر ، هێزەکانی تورکیا چوونە ناو سەردەشتەوە.

# D

بەیزادەکانی دەشتوت Dechtout وەك دەزانین، تاوانبارکرابوون بەوەی ساڵی 1904 مسیۆنێرێکی ئەمریکاییان کوشتبوو کە کوشتنەکەی لەو کاتەدا هەرایەکی زۆری نایەوە. حکومەتی ئێران وەك نیگەران بوو بۆ ئەم کوشتنە، هەموویان رووی دژایەتیان کردە بەیزادەکان و هەر زو جلەو لە دەست دەرچوو، کەوتنە کوشتن و تاڵانبزێیەکی هەر کەسێکیان بەردەست بکەوتبایە، ئەمە لافاوی رەشەکوژی بوو. خەڵکی دانیشتووی ورمێ بە دەست ئەم زیان گەیاندنە بە مولکی کەسانی دیکە ماندووبوون و سوپایەکیان لە ژێر سەرکردایەتی مەجد ئەلسەلتەنە هەنارد تا دەشتییەکان سزا بدات و قەرەبووەکە بۆ حکومەتی ئەمریکی بژمێرن کە لە لایەن حکومەتی ئەمریکییەوە داواکرابوو.

ئەم هێزە ئێرانییە تا بەرزاییەکانی دەشت پاشەکشەی پێکردن و لە وێ بە دواوە بە شوێنداچوونیان مەحاڵ بوو. دەستکرا بە ژمارەیەك (( ووتوێژی بێزارکەر ) plabres، بەڵام پێشتر کوردەکان و عوسمانییەکان ووتووێژیان کردبوو و حکومەتی عوسمانی دوو دڵ نەبوو لەوەی بە هانای قوربانییە ( سونیەکان )[26] بێت کە لە لایەن دوژمنە مەزهەبییەکەیان ( شیعەکانەوە ) شەهید کرابوون. 24 ی تەمووز شەش دانە تۆپ و چوار تابوور لە بیجارگەوە بەرێکەوتن : رۆژی 30 ی مانگ گەیشتنە مەرگەوەر و 1 ی ئاب هێزەکانی تورك – ئەوانەی لە مەرگەوەرەوە هاتبوون – لە ناوای توللی تا دەشت ئۆردووی

---

[26] خاکە لێوەی ساڵی 1907 هێزە کوردەکانی ناوچەکە وەختایەك هەواڵی لەشکرکێشی هێزەکانی ئێرانیان بیست، وەکوو خەڵکانی سوننی داوایان لە سولتان کرد بیانپارێزێ، ئەمە بەهانەیەك بوو بۆ هێزەکانی تورکیا کە تا بەرزاییەکانی رۆژئاوای ورمێ یان داگیرکرد و شاریش لە مانگی ئابدا، بڕوانە، David McDOWALL, *A modern History of The Kurds*, Ed. I.B. Tauris, London, 1996, p. 83.

ئێرانیەکانیان بۆمبابارانکرد و دەستیان بە سەر ئاوایی دەشت، تەرگەوەر، برادۆست دا گرت.

کارمەندەکانی بازگە راونران.، 22 ی ئۆکتبۆبەری 1907، بەرێوەبەری بازگە ل شنۆ شوێنەکەی لە لایەن تورکەکانەوە داگیر کرا. دوا پۆست کە گیرا ئەوەی کەلهوور بوو لە دوو سەعاتە رێی ورمێ.



1 Isma'il Aqa (Simko) *seated, centre*
This photograph was given to the author by Simko's son.

سەرچاوە:

Hassan Arfa, *The kurds : An historical and political study*. London, Oxford University Press, 1966, p.49




سەرچاوە:

Hassan Arfa, *The kurds : An historical and political study*. London, Oxford University Press, 1966, p.53

# پاشکۆیەکان

له بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا

بەشێك له :

# راپۆرتی دەروێش پاشا، سەرۆکی کۆمسیۆنی عوسمانی بۆ دیاریکردنی سنووری عوسمانی - ئێرانی

( 1852 –1269)

بەرایی:

دەروێش پاشا، سەرۆکی کۆمیسۆنی عوسمانی دیاریکردنی سنووری عوسمانی –ئێرانی بوو لە ماوەی ساڵەکانی 1847 تا 1852 و بەو پێیەی سەرۆکی کۆمسیۆنی دیاریکردنی سنوور بووە بست بە بست هەموو ناوچەکانی سەر سنوور گەڕاوە و زانیاری یەکجار بەداوێنی لە بارەی هۆزە کوردییەکان و سەرۆکهۆزەکانی ناوچەکە کۆکردۆتەوە کە دەکرێ بڵێین سەر لەبەری راپۆرتەکەی دەروێش پاشا لە بارەی کوردستان و هۆزە کوردیەکانەوەیە. گەرچی راپۆرتەکە لە دیدێکی پان عوسمانیانە نووسراوە بەڵام لێواو لێو زانیارییە بۆ ئێمە بە تایبەت لە بارەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم.

راپۆرتەکەی دەروێش پاشا[1] بۆ یەکەمجار ساڵی 1269 واتە 1852 ی زایینی بە تورکی عوسمانلی بە بێ ناو و نیشان لە ئەستەمبووڵ بڵاوکراوەتەوە و

---

[1] ئەم راپۆرتە کاتی خۆی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە ساڵی 1953 بە بێ ناوی وەرگێر کراوەتە عەرەبی و زێتر بە نیازی سیاسییەوە وەرگێردراوە. وادیارە کابرای وەرگێر ئاگادارییەکی وای لە سەر مێژووی کورد نەبووە چونکە هەڵەی زۆر لە ناوی گوند و دەڤەر و هۆزە کوردیەکان بەدیدەکرێ. ئەم بەشەی راپۆرتەکەی دەروێش پاشا کە لێرە لە فەرەنسییەوە

دواجار سالی 1321 دووبارە هەر لە ئەستەموول چاپکراوەتەوە. سالی 1875 کۆمسیۆنی دیاریکردنی سنوور بە شێکی زۆری راپۆرتەکەیان بۆ کاری کۆمسیۆن کردۆتە ئینگلیزی و هاوپێچ لە گەڵ نامەیەکدا سێر G. Buchanan بۆ سێر Edward grey ناردووە و بەشێکی راپۆرتەکەی دەروێش پاشا یان کردوتە ئینگلیزی، هەر لە گەڵ هەمان نامەدا بە شێکی چاکی وەرگێڕاوی فرەنسیشی لە گەڵدا کراوەتە هاوپێچی دووەمی هەمان نامە. وەرگێڕاوە ئینگلیزی و فرەنسییەکە سالی 1912 بۆ کاری نهێنی لە لایەن حکومەتی بریتانییەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان نێردراوە و چاپکراوە ئێستە لە ناو فایلی 266 /10 /S & L/P هەڵگیراوە. بە داخەوە تا ئێستە راپۆرتەکەی دەروێش پاشا بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد کەلکێکی ئاوەهای لێوەرنەگیراوە، هەر بە هەمان شێوە پێم خۆشە دەستنیشانی ئەوەش بکەم کە کتێبە نایابەکەی ( سیاحەتنامەی حدود )[2]ی مەحەمەد خورشید پاشا – ش کە یەکێک لە سەرچاوە نایابەکانی سەدەی نۆزدەهەم بۆ نووسینەوەی مێژووی

---

کراوە بە کوردی جیاوازی لە گەڵ چاپە عەرەبییە وەرگێڕاوەکە هەیە و یەک شت نین، بۆ چاپی عەرەبی راپۆرتەکە بڕوانە، ترجمة التقرير الذي تفضل بتقديمه صاحب السعادة المغفور له درويش باشا الذي عين لتحديد الحدود الايرانية العثمانية، مطبعة الحكومة، بغداد، 1953، ( 83 صفحة ).

[2] کتێبی سیاحەتنامەی حدود یەکێکە لە سەرچاوە هەرە رەسەنەکانی کورد کە بەداخەوە کورد هیچ سوودێکی لێوە نەبینیوە. ئەم کتێبە سالی 1877 لە سان پێتەربورگ لە لایەن م.ئا. گامازۆف کراوە بە رووسی. سالی 1997 لە ئەستەموول لە لایەن Alân Eser راگوێزراوەتەوە سەر تورکی نوێ و هاوکات دەقە ئەسلیە عوسمانلیەکەشی لە گەڵدا بلاوکراوەتەوە. سێبەشی ئەم کتێبە تەرخانی مێژووی کوردستانە بەلام بە داخەوە تا ئێستە کورد ئاگای لەم سەرچاوە نایابە نییە، من پێم وایە کۆتایی سالی 2001 بوو، لە سەفەرێکمدا بۆ کوردستان کۆپیەکی ئەم کتێبە نایابەم بۆ مامۆستا مەلا شوکور هێنایەوە بەو نیازەی بەڵکو بیکاتە کوردی و دوایی من گەڕامەوە و دواتریش مەرگی مامۆستا مەلا شوکری بەسەرداهات ئیدی نازانم تەرجەمەی کردووە یا نە؟ خۆزگە تورکیزانەکانمان خەمی بە کردنە کوردی ئەم بەرهەمەیان دەخوارد کە تا خوا حەزبکات پڕە لە زانیاریی وورد و بە داوێن لە بارەی کوردەوە، بۆ چاپی نوێی کتێبەکە بڕوانە : Mehmed Hursid (Pasa). *Seyâhatnâme-I Hudûd*, çevirmyazi : Alân Eser, Simurg, Istanbul, 1997

کورد هیچ سودێکی لێوەرنەگیراوە. مەحەمەد خورشید پاشا لە لایەن سولتانەوە رادەسپێردرێ کە لە گەڵ گروپی کۆمسیۆنی سنووری عوسمانی بە درێژەی ساڵەکانی 1847 -1852 زانیاری لە بارەی هەموو ناوچەکانی سەر سنوور کۆبکاتەوە، بەرهەمی کارەکەی کتێبێکی نایابی لێکەوتەوە کە ساڵی 1277 ( 1860 ) لە ئەستەموول بۆ یەکەمجار بە تورکی عوسمانلی بڵاوکرایەوە. بەپێیە راپۆرتەکەی دەروێش پاشا و سیاحەتنامەی حدودی مەحەمەد خورشید پاشا دوور لە هەموو ئەو نیازیانەی کتێبەکانیان پێنووسراونەتەوە، دوو سەرچاوەی دەستی یەکەمی زۆر گرینگی مێژووی سەدەی نۆزەهەمی ئێمەن کە پێویستە بێدواکەوتن راستەوخۆ لە عوسمانییەوە بکرێنە کوردی.

## بەشێکی ڕاپۆرتەکەی دەروێش پاشا

(( بە گوێرەی "شەرەفنامە" نووسراوی مێژوویی لە بارەی کوردەوە کە لە پێشدا ئیشارەمان پێکرد، ناوچەکانی مەرگەوەر، برادۆست، سۆمای بەرئەسوور، چەهریق، تەرگەوەر، شپیران، دێرك کەوتوونەتە باکووری شنۆ و تا ئەقەرەکانی شارۆچکەی bourg ورمێ درێژ دەبنەوە و لە زۆر ئەو سەرئەمیشدا کەوتوونەتە دەست ئێران، جاران سەر بە سنجاقی ئامێدی و ئەیالەتی وان بوون. کەوایە ئەم ناوچانە سەر بە ئیمپراتۆریای عوسمانین. هەڵبەت ئێمە ئەم زانیاریانەی خوارەوەمان لە گەواهینامەی بەگزادەکانی دانیشتوی ناوچەکە و لە ئەرشیفەکانی دادگا شەرعیەکان لە بارەی ئەم ناوچانە کۆکردۆتەوە.

ئەمەیان زانیاریەکانە:

ناوچەی مەرگەوەر سەر بە سۆمایە و هۆزی برادۆستی تێدا دەژی. تا سەردەمی فەتحعلیشا ئێرانیەکان ئەم ناوچەیەیان داگیرنەکردبوو، بەڵام لەوە بە دوا ناوچەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئێران کە لە ڕێگەی ئاغا و سەرۆکهۆزە شاریەکان بە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ وەکوو حاکم دابمەزرێن حوکمرانی ناوچەکەیان دەکرد. تەنها لە کاتی دروێنەدا کارمەندێکی ئێرانی دەهات باجی لە خەڵکەکە کۆدەکردەوە و دەمودەستیش دەڕۆیشت. ئەم سیستمە تا ساڵی 1268 درێژەی کێشا.، لە خاکەلێوەی ئەم ساڵەدا میرزا جەعفەر ناوێك کرا بە حاکمی ناوچەکە. بێجگە لە گەواهینامەکەی دانیشتوانەکەی من لە ئەرشیفی دادگای شەرعی وان دەکۆمێنتێکی گرینگم دۆزیەوە. کە بە ئاشکرا ئەوە دەسەلمێنن کە مەرگەوەر ناوچەیەکی سەر بە ئیمپراتۆریای عوسمانی بووە. ئەم دۆکیومێنتە تۆمارێکە مێژووی 1069 ی بەسەرەوەیە و لە بارەی گواستنەوەی

میراتی داود ئاغای هۆزی برادۆستە، کە خەلکی ئاوایی نەهری، ناحیەی مەرگەوەر بووە دواتر لە وان مردووە.

ناوچەی بەردەسۆر لە شارۆچکەیەك و قەلایەکی چکۆلە بەو ناوەوە پیکدی کە سەت بنەمالەو و هەژدە گوند و دوانزە ئاوایی ویرانەکراوە. خەلکەکەی، کە پییان دەلین بۆتانی، سەر بە هۆزی شەمدینانی سەر بە سنجاقی ئامیدین. ئەوانە رەعیەتگەلی عوسمانین و ناوچەکەشیان سەر بە تورکیایە، هەر وەك چۆن لە گەواهینامەی دانشتوانە بەگزادەکان وەدیاردەکەوی.

خەلکەکەشی رایانگەیاند کە ناوچەی مەرگەوەر ، جاران سەر بە سنجاقی ئامێدی بووە، ئێرانیەکان داگیریان کردووە، راگەیاندنێك بە زمانی فارسی کە لە لایەن زۆرینەی خەلکی شارەکە نووسراوە و ئێمە وەرمانگێراوە و لە خوارەوە بلاومان کردۆتەوە، ئەوەیە کە ناوچەی تەرگەوەر، مەرگەوەر و برادۆست سەر بە سنجاقی ئامێدین.

## وەرگێراوی راگەیاندنی زۆرینەی خەلکی دانیشتوانی ئامێدی

" ئێمەی دانیشتوانی ئامێدی بەم نامەیە بۆ کاربەدەستانی بالای والی، حاکم و مەئموورەکانی قەزایی رایدەگەیەنین کەوا ناوچەی بەردەسوور، تەرگەوەر و مەرگەوەر لە وەتای دەورانی کۆنەوە هەر سەر بە سنجاقی ئامێدی بووە. ئێمە خۆمان سالی 1200 بینیمان کە ئیسماعیل پاشای حاکمی ئەم سنجاقە وەکوو مەتەسەریف ئەم ناوچانەی لە ژێر دەستدا بووە. قایمقامی بەردەسوور کە لە خزمان و وەچەی پاشایەکانی ئامێدی بوون، دوای مردنی ئیسماعیل پاشای ناوبراو سالی 1213، زۆر کەس لە نەوە و نزیکەکانی راستبوونەوە و سنجاقەکە بوو بە پاشا گەردانی. رێك لەو کاتەدا ئێران دەرفەتی قۆزتەوە و دەستی خستە سەر ناوچەکە کە تا ئێستەکە چاوی لێپۆشراوە )).

هۆزی شکاك، کە شکفتی و شکاکی-یشی پێدەلێن، لەم ناوچانەی خوارەوە :
مەرگەوەر، تەرگەوەر و بەردەسوور و ئەو ناوچانەی کە لە خوارەوە باسیان لێدەکەین: برادۆست و سۆمای و چەند ناوچەیەکی دیکەی ورمێ ی ئێراندا

لە دەوروبەری دیاربەکرەوە کۆچیان کردووە تا لە دەوروبەری دەژین لە کۆنەوە لە دەوروبەری نامێدی و هەکاریدا بژین. هەموو کەس ددان بەوەدا دەنێ کە ئەم هۆزە سەر بە وەڵاتنامەی nationalité ( جنسیة ) ی عوسمانییە. بە ئێمەیان گوت کە ئەم هۆزە ئ دەورانێکی زۆریش هەموو زستانان هەر لە دەوروبەری ئەفکیری Nafker سنجاقی نامێدی، لە ناوچەیەک کە پێی دەڵێن کارێزی گومیل بەسەربردووە و هاوینانیشیان لە هەرێمی هەکاری بەسەر بردووە. ئێمە دوو فرمانی شاهانەمان لەبەر دەستە، ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم هۆزە لە بنچینەدا خاوەنی وەڵاتنامەی عوسمانی بوون و دواتر بوون بە رەعیەتگەلی ئێرانی. لە ناو دەکۆمێنتەکان یەکێک لەم دەکۆمێنتانە مێژووی ناوەراستی رەجەبی 1044 ی بەسەرەوەیە ر لە سەردەمی حوکمرانی سولتان مورادی چوارەم دەرچووە، ئەوی دیکەیان مێژووی 1056 ی بەسەرەوەیە و لە سەردەمی سولتان ئیبراهیم دەرچووە. هەردوو دەکۆمێنتەکە ئەوە رادەگەیەنن کەوا هۆزی شکاک لە برێک خەرجی بەخشراون لەبەر ئەو خزمەتە سەربازیانەی لە هەڵمەتەکاندا پێشکەشیانکردووە. یەکەمیان پێش پەیماننامەی ساڵی 1049 یە کە هێشتا ئەمرۆش هەرکاری پێدەکرێ و دووەمیشیان دوای هەمان پەیماننامەیە، ئەمەیان بەڵگەیەکی زەقی وەڵاتنامەیی عوسمانی ئەم هۆزەیە.

ناوچەی برادۆست، لەوەتای دەورانی کۆنەوە هەر سەر بە سنجاقی هەکاری ئەیالەتی وان بووە. تا دەورانی بەهرەم بەگ، کە ئەم ناوچەیەی بەرێوەبردووە و نەوەکانی خەلیل بەگ و حاکم بەگ تا رۆژی ئەمرۆش ( 1628 ) لە ژیاندا ماون ، ئێران برادۆستی داگیرنەکردبوو. بەڵام بەهرەم بەگ لە هەقی خەلعەت وەرگرتن کە ئەو دەم عادەت و باو بووە تووره دەبێ و کەمیەکەی خۆی بۆ لای حاکمی ئێران لە ورمێ دەنێرێ تا وەڵاتنامەیی ئێرانی قەبووڵ بکەن. ئەمە لە دەورانی موستەفا بەگی حاکمی هەکاری بووە، کە نەوەکانی نورەڵلا بەگ تا رۆژی ئەمرۆش هەمان سنجاق بەرێوە دەبەن. حاکمی ورمێ بە بایەخپێدانەوە دیاری بۆ بەهرەم بەگ دەنێرێ و ملکەچبوونەکەی لێقەبووڵ بکات. وەختایەک کەمیەی بەهرەم بەگ دیارییەکانی بۆ هێنایەوە برادوست. شاهۆی دووەم کەمیەی

بەهرەم بەگ و زوبێر ئاغا، یەکێک لە کۆنە ئاغایەکانی لە هەڵسوکەوتی بەهرام بەگ توورەبوون و دەچنە لای موستەفا بەگی حاکمی هەکاری تا رەعیەتی تەواوی خۆیانی پێرابگەیەنن. بەمشێوەیە بەهرەم بەگ لێخراو کورەکەی عەلی رۆستەم بەگ بەمبۆنەیەوە خەڵات کراو لە جێگەی باوکی دانرا و خەڵکەکە بە خۆشییەوە هەواڵەکەیان وەرگرت. بەهرەم بەگ ویستی بە هاریکاری هێزەکانی ئێرانی کە لە ورمێ وە هاتبوون میرنشینەکەی *beylik* خۆی وەربگرێتەوە، بەڵام رەشاف ( طاعون ) کوشتی و کورەکەی عەلی رۆستەم بەگ هەر لەسەر شوێنی خۆی مایەوە کە لە لایەن حاکمی هەکارییەوە بۆیدانرابوو. لەم ماوەیەدا جەنگی ساڵی 1236 لە نێوان بابیعالی و ئێران هەڵگیرسا و ئێرانییەکان تا ئەورووبەری موش ژمارەیەك لە هەرێمەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانیان داگیرکرد. وەفدێکی نایب سەلتەنە عەباس میرزا بۆ لای عەلی رۆستەم بەگ نێردرا تا پێشنیاری ئەوەی بۆ بکەن پابەندبوونی خۆی بۆ ئێران رابگەیەنێ. عەلی رۆستەم بەگ جورئەتی نەکرد بەرگری ئێرانییەکان بکات و بە هێزەکانی خۆیەوە بەرفەرمانیی و گوێڕایەڵی بۆ عەباس میرزا راگەیاند. کورەکانی عەلی رۆستەم بەگ و بەگزادەکانی دیکە رایانگەیاند کەوا ئێرانییەکان ناوچەی ناوبراویان داگیرنەکردووە و لەو کاتەوە ئەم ناوچەیە هەر لە بندەستی ئێران ماوەتەوە.

هەرێمەکانی سۆمای، چەهریق، دێرك و مۆدەر، هەر لە دەورانی زۆر کۆنەوە بەشێك بوونە لە زەوی و زارەکانی عوسمانی. ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون ئەوە دەردەخەن کە ئەم ناوچانە دووربوونە لە هێرشی پەلامارەکانی ئێران، بەڵام پانزە یاوەکوو بیست ساڵێ بەر لە دوا جەنگ لەگەڵ ئێران، حاکمەکانی ورمێ کە لە رەگەزی ئەفشانی بوون، دنەی بەگەکانی سۆما و برادۆستیان داوە تا سەربەخۆیی خۆیان لە بەرامبەر حاکمەکانی هەکاری رابگەیەنن تا لە گەڵ ئەفشارەکان یەکبگرن. وادەیان پێداون لە بەرامبەر ئەوەدا لە حاڵێکدا ئەگەر لە هەکارییەوە سوپایان بنێردرێتە سەر یارمەتی و کۆمەگیان پێبکەن. بەگەکانی سۆمای ئەم ئامۆژگاریانەیان لە گوێ گرت، هەروەها ئەفشارەکان هەڵ بێفەڵەتی ئەم بەگانەیان قۆستۆتەوە و بەرەبەرە هۆزە کوردەکانی شکاکیان خزاندە ناو

ناوایییەکانی سۆمای و برادۆست و دواجار توانیان ئەم بەگانە بخەنە ژێردەستی خۆیانەوە. لە سەردەمی عەباس میرزا دا هەردوو ناوچەی سۆمای و برادۆست هەر وەکوو ئێستە ووتمان لە بندەست ئێراندا بوون. بەر لە 30 ساڵ، ناوچەی برادۆست لە لایەن خەلیل بەگەوە بەڕێوەدەبرا کە لە لایەن ئێرانیەکانەوە دانرابو. ئەمیان ویستی بێتەوە ژێر دەسەڵاتی حاکمە عوسمانیەکانی هەکاری، کارەکە لە لایەن یەحیا خانی دانیشتووی ورمێ ئاشکرا بوو کە بە تاڵووک دەسەڵاتکارانی ئێرانی لێئاگادارکردەوە. لە شکرکێشی کرایە سەر خەلیل بەگ و ماوەی یەك مانگ قەڵای کۆنە مێش یان گەمارۆ دا و خەلیل بەگیان ناچار کرد خۆی بەدەستەوە بدات و بە دەستبەسەری رەوانەی ورمێ کرا. قەڵاکە روخێنرا. خەلیل بەگ داوای کۆمەگی لە حاکمی هەکاری نورەڵڵا بەگ کردبوو، بەڵام چونکە یەحیا خان خۆیشی سەر بە بنەماڵەی بەگەکانی هەکاری بوو و یەکێك لە خزمەکانی نورەڵڵا بەگ بوو، ئەمیان بۆ رێزگرتن لە یەحیا خان بە هانای خەلیل بەگ نەچوو کە دواتر ئازاد کرا و ئەمرۆ (1268 ) هێشتا لە ژیاندایە و لە ناو کۆڵەمەرگیەکی گەورەدا دەژی.

یەکێکی دیکە لە گەواهینامەکان دانیشتووانە بەگزادەکانن ئەوە دووپاتدکەنەوە کە ناوچەی ناوبراو بەشێکە لە زەوی زارەکانی عوسمانی و لە لایەن ئێرانەوە دەستیبەسەرداگیراوە، ئێمە بەڵگەیەکی دیکەشمان لەبەر دەستە، وەختایەك ساڵی 1157 خەرجی ناوەدانکردنەوەی سەرا *conak* بە سەر دانیشتوانەکانی ویلایەتی وان دابەشکرا، بری 600 پیاستەر بەر سنجاقی سۆمای کەوتووە، هەر وەك لە تۆمارەکانی سەردەمەکەدا هاتووە. تۆمارێکی دیکە ئەوەی تێدایە کە ساڵی 1139، حاتمی حاکمی سۆمای بیوریلدی[3] لە وانەوە بۆ بۆ هاتووە تا خەرجی دابەشکردنی سەرا بژمێری. ئەم تۆمارانە، بە هەمان شێوە بیورلدی والی وان، عەلی پاشا کە تێدا حاتم بەگی بە حاکمی

[3] لە دەورانی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، بیوریلدی ئەو دەکۆمێنتە بوو کە پاشا بۆ پێدان و بەخشینی وەزیفە یا ئیمتیازێك بە کەسێکی دەبەخشی، وەرگێر.

برادۆست داناوە، ئەوە دەسەلمێنن کە لەم دەورانەدا ناوچەی برادۆست لە ژێر دەسەڵاتی حاکمەکانی وان دا بووە.

ناوچەی شینەتاڵ، بە هەمان شێوە ناوەندی قەزایەکەی، قەڵای چەهریق بە شێك بوونە لە هەرێمی سۆمای. ناوچەی شپیرانی نزیك چەهریق و ناوچەکانی گەردیان و دێرك لە کۆنەوە لە ژێر دەسەڵاتی بەگێك دابووە و ئەمڕۆکە سەر بە هەرێمی چەهریقە، کە جاران بە شێك بوون لە زەوی و زارەکانی عوسمانی و لە ژێر دەسەڵاتی بەگەکانی هەکاری دابوون. یەکێك لەم ناوچانە، چەهریق، وەکوو تیمار (yourtlik odjaklia) لە سۆنگەی بەخششی شاهانەی سولتانەکانی عوسمانییەوە بەخشراوەتە یەحیا خان، کە ئێمە لە خوارەوە باسی دەکەین. لە کاتی دوا جەنگی نێوان تورکیا و ئێران، عەباس میرزا، لە ژێر سەرکردایەتی سامسۆن خان کە نەزار عەلی خان و سەحاریب خانی لە ژێر فەرماندابوو، بە 15000 پیادە و ئەسپسواری هۆزە کۆچەرەکان لە شکرکێشیان کردە سەر قەڵای چەهریق. دوای گەمارۆیەکی پێنج مانگە قەڵای چەهریق خۆی بەدەستەوە دا و لە سایەی یەحیا بەگ ئەم ناوچەیە بوو بە ئێرانی. میرزا غەفوور خان دۆستی نزیکی فەتح عەلیشا، ژنبرای یەحیا خان بوو.، ژنی میرزا غەفوور خان، خوشکی گەورەی یەحیا بەگ بوو، لە گەڵ دایکی لە شاری سەلماس دا دەژیا و بانگهێشتی براکەی کرد. یەحیا بەگ نزیکەی مانگێك لە سەلماس مایەوە و دواتر لە گەڵ دایکی و دوو لە خوشکەکانی چوو بۆ تۆرۆس. عەباس میرزا خوشکێکی یەحیا خانی بۆ مەحەمەد میرزای کوری هێنا کە دواتر بوو بە مەحەمەد شا، باوکی بنەماڵەی پاشایی ناسرەدین شا. یەحیا خان دوای ئەوەی پێنج ساڵ لە تۆرۆس مایەوە و لە ژێر سێبەری ناز و بەخششەکانی مەحەمەد پاشا دا بوو و کرا بە حاکمی چەهریق. لەم ماوەیەدا جەنگی رووسیا- ئێران هەڵگیرسا. رووسیا ئازەربایجانی داگیرکردبوو و هێزەکانی ناردە چەهریق و ئەوێش داگیرکرا. دوای ئاشتی یەحیا خان سەرلە نوێ کرایەوە بە حاکمی چەهریق، هەڵبەت زۆری تێدا نەمایەوە. زاواکەی، مەحەمەد میرزا لە گەڵ ئاونانی وەك شای ئێران، یەحیا خانی بۆ پایەی ئیلخانی بەرزکردەوە و کردی

بە حاکمی ورمێ و لەقەبی خانی پێبەخشی. لە گەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی ناسرەدین شا، لە سۆنگەی بە جێنەگەیاندنی ئەرك و کارەکانی ناسرەدین شا بە شوێن یەحیا خانەوە بوو، ئەمیش پەنای بردە بەر موفتی تورزس کە ئێرانیەکان پێی دەڵێن شەیخولئیسلام. ئەمەی دوایی بوو بە کەفیلی و یەحیا خان رەوانەی تاران کراو لەوێدا زیندانیان کرد. من ئەم زانیاریانەم لە کاتی مانەوەم لەسەر سنوور کۆکردوونەتەوە.

ناوچەی شپێران و سۆمای کەوتنە بندەست ئێران. بەڵام هەشت ئاوایی لە ناوچەی شپێران کە چل و دوو ماڵ بوون و سەر بە کەسێکی هۆزی شکاك بوون، لە قەزای ئەلباك، سنجاقی هەکاری، ئەم ئاواییانە لە ژێر دەسەڵاتی ئەلباك دابوون.

ناوچەی دێریك تیماری باوکی مەحەمەد بەگ، خزم و نیزیکی حاکمی هەکاری بوون. بەڵام لە کاتی دوا جەنگی نێوان بابیعالی و ئێران ئەمەی دوایی دەستیبەسەرداگرت، مەحەمەد بەگ، بە تەواوی خێزانەوە بەدیلگیراو بە دەستبەسەری رەوانەی ئێران کرا. وەختایەك یەحیا خان کرا بە حاکمی چەهریق، وەك تازە ووترا، مەحەمەد بەگ رێگەی درا بگەرێتەوە وڵاتی خۆی بە مەرجێك سەرانەیەکی ساڵانە بداتە یەحیا خان. هەر ماوەیەکی کەم دوای ئەوە مەحەمەد خان بە ئاشکرا دژایەتی لە گەڵ ئێرانیەکان دەستپێکردەوە، لە نوێوە هێرشیان بۆ کرد، قەڵای دیرێك یان روخاند و زیندانیان کرد. هەڵبەت، دوایی بەخشیان و رێگەیان دا بچێتەوە ئاوایی ئاشنیکی ناوچەی دێریك. لەوێدا مرد و برایەکەی، حوسەین بەگ ملی بۆ ئێران کەچکرد و جێگەکەی گرتەوە.

بەڵگەنامەی ژمارە* : 1

وەزارەتی کاروباری هەندەران 6 ی ئاپاری 1915

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە : 3502

تێلیگرام

( ڕۆژی 6 ی ئاپار لە کاتژمێر 18 و 30 دەقیقە گەیشتۆتە کابینەی وەزیر).

ژمارە : 32

تاران، 5 ی ئاپاری 1915 لە کاتژمێر 1 و 45 دەقیقە.

تورکەکان کە بەمزوانە سەلماس Salmas- یان گرتبۆوە، بەرەو خۆی Khoï ڕۆیشتوون، دوێنێ لە لایەن ڕووسەکانەوە شکاون و زیانی 3000 کەسیان لێکەوتووە.

سەرۆکی مسیۆنی ئێمە لە خوسرەوئاوا Khosrova پەنای بردۆتە شاری خۆی.

لە بریتی کارگێری کونسل / ئەفسەری خزمەت

سەرچاوە:

ئەرشیفی وەزارەتی جەنگ، سوپای زەوی، کارتۆنی 7N 2178 ( section d'Afrique ) 1915-1917.

* ئەم ژمارانەی ئێرە لە دانانی ئێمەن و هیچ پێوەندیەکیان بە ژمارەی بەڵگەنامەکانەوە نییە و تەنها بۆ ئەم کتێبە دانراون، وەرگێر.

بەڵگەنامەی ژمارە: 2

## تێلێگرامی شیفرەیی

---------------

لەندەن 5 ی حوزەیرانی 1916، کاتژمێر 18و 10 دەقیقە

لە ئەتاشەی سەربازییەوە بۆ وەزیری جەنگ و سەرکردەی گشتی سوپا.

ژمارە : 337.

لە تێلیگرامێک بـە مێـژووی 5 ی حوزەیرانـی دا هـاتووە رەتلێکـی colonne رووس کە هەڵمەتی بـۆ بـاکووری خانـەقین بـردووە رۆژی 3 ی حوزەیـران لـەم نوختە خاڵەوە پەلاماری بردۆتە سەر مەفرەزەیەک کە بەشی زۆریان سوارە بوون. بە گوێـرەی تێلێگرامێکـی نـوێ ئـەم مەفرەزەیـە نـەیتوانیووە هێڵـی رووس بشکێنێ و ناچار بووە بکشێتەو بۆ قەسری شیرین و زیانی 20 ئەفسـەر و 300 کوژراویان هەبووە.

رەتلی رووس لە کشانەوەدایە بەرەو کەرەند.

سەرچاوە:

ئەرشیفی وەزارەتی جەنگ، سوپای زەوی، کارتۆنی 7N 2178 ( section d'Afrique ) 1915-1917.

بەڵگەنامەی ژمارە: 3

باڵوێزخانەی فەرەنسا لەندەن، 29 ی حوزەیرانی 1916

لە ئینگلستان

ژمارە 2291

**لە کۆلۆنێل دو لە پانوز DE LA Panouse، ئەتاشەی سەربازی باڵوێزخانەی کۆماری فەرەنسا لە ئینگلستانەوە بۆ بەڕێز وەزیری جەنگ ( سەرکردەی گشتی سوپا، پاریس ).**

بابەت : لە بارەی هێزەکانی تورکی لە ئێران.

کۆپی:

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی کە ڕۆژی 26 ی حوزەیران گەیشتوونەتە ئۆفیسی جەنگ War Ofice، فیرقەی سەربازی دووەمی تورکی کە تا ئەوکات لە ڕۆژئاوای خانەقین Kanikin گلدرابوونەوە، واپێدەچێ ڕەوانەی جوانرود Juanrud کرابن لە باکووری کەرەند Karind.

مۆر: دو لە پانووز

سەرچاوە:

ئەرشیفی وەزارەتی جەنگ، سوپای زەوی، کارتۆنی 7N 2178 ( section d'Afrique ) 1915-1917.

بەڵگەنامەی ژمارە: 4
تفلیس، 9/22 ی حوزەیرانی 1917

### کۆلۆنێل Chardigny ، لەتاشەی سەرکردایەتی گشتی سوپا لە قەوقاز بۆ بەرێز ژەنەرال Janin، سەرۆکی مسیۆنی فرەنسی لە رووسیا

بابەت : نفووزی رووسیا لە ئازەربایجان[4]

شەرەفی ئەوەم هەیە لێکدانەوەیەکی تێبینییەکانی خۆمتان بۆ رەوانە بکەم کە تایبەتن بە سیاسەتی رووسای لە باکووری ئێران و هەلسوکەوتی هێزەکانی رووسیا لە بەرامبەر دانیشتوانی ناوچەکە.

من لێرە تەنها دوو کردە دەستنیشاندەکەم کە چەند رۆژێک بەر لە گەیشتنی من بۆ ورمێ رویانداوە و من لە سەرچاوەیەکی دەسەڵاتدارەوە وەرمگرتووە.

1- تاڵانوبرۆیی ئاوایی مەسیحیەکانی دیش قەڵا نزیک بە ورمێ لە لایەن بەتالیۆنێکی فەیلەقی پێنجەمی هێزەکانی گاردی سنوور، لەو شەوەی پێش دەرچوونی بەتالیۆن بۆ بەرەکانی جەنگ.

2- ئەو وەحشەتگەریەی کە لە لایەن قۆزاقەکانی فەوجی ئارگوون Argoun لە ئاواییەکی کوردی هاوسێ ی خەسرەوئاوا ( نزیک بە دیلمان ) کراوە. هەموو ژنەکانی ئاوایی کۆکراونەتەوە و بە بێ جیاوازی تەمەن لە لایەن قۆزاقەکانەوە دەستدرێژیان کراوەتە سەر.

---

[4] لەم راپۆرتەدا تەنها ئەو بەشەمان کردۆتە کوردی کە سەروساختێکی لە گەڵ مێژووی کورد دا هەیە و بەشەکانی دیکە نەکراونەتە کوردی.

من لە ورمێ شایەدی زۆر لەو سکالانامەم کە لە لایەن موسڵمان یا مەسیحیە دزیلێکراوەکان لە سەر ئەو دزیانەی لە لایەن ئەفسەرەکانەوە لێیان دەکرا و لە کاتی ئامادەبوونی من دەگەیشتنە کۆنسلی رووسیا. سیاسەتی رووسیا لە بەرامبەر کوردەکان هێندە جێگەی خۆشحالی نەبوو و رووسیا نەیتوانی بە هیچ شێوەیەك ئالیکارێکی دلسۆزیان لێدروستبکات بە قازانجی خۆیەوە. دەسەڵاتکارانی سەربازی هەتا بە شوێن ئەوەشدا نەکەوتن کە بە فریای دانیشتوانە کوردەکانیش بکەون، کە لە ناو کۆڵەمەرگیەکی قووڵدا دەژیان، هەتا وەکوو ئەو کۆمەگیەش کە مسیۆنی ئەمەریکی لە ورمێ دەیبەشینەوە. دواجار ئەم کارەی ئالیکارییە لە دەرەوەی ناوچە نزیکەکانی ورمێ دابەشکران، بە تایبەت لە سابلاغ و ناوچەکانی دەوروبەری کە لە لایەن خاچی سووری رووسی و مسیۆنی ئەمریکی دابەشکران[5].

سەرچاوە :

ئەرشیفی وەزارەتی جەنگ، کارتۆنی (7N 762 ( section russe 1914-1918

[5] من خۆم داوام لە ژەنەراڵ سەرکردایەتی فیرقەی حەوتەم کرد رێگە بە ئەمریکاییەکان بدات تا سابلاغ برۆن. کە تا ئەودەم ئەو رێگەیان لە روو داخرابوو بە بێ ئەوەی هیچ هۆیەکی ئاشکرای بەرچاو هەبێ، لەم شارە چکۆلەیەدا ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی کوردی لێیە کە هیچ داهاتێکیان نییە.

بەڵگەنامەی ژمارە: 5

پاریس، 2 ی نیسانی 1918

سەرکردایەتی گشتی سوپا

گروپی رۆژهەڵات

( بیرۆی سێیەم A )

( نهێنی )

## شیکردنەوەی

# رەوشی ورمێ

راپۆرتی ژمارە 79 و 81 ی مولازم کۆلۆنێل Chardgny بۆ ژەنەراڵ Berthelot – 14/27 ژانڤیەی – 15/27 ی ژانڤیەی 1918.

– دوابەدوای رۆیشتنی فیرقەی 66 ی سوپای رووسی، مەفرەزەیەکی ئەرمەنی و ئاسووریەکان رەوانەی شوێنە هەرە گرینگەکان کراون بۆ پاراستنی ماتریالە بەجێهێلراوەکان.

– کۆمیتەی نەتەوەیی ئاسووری قەوقاز، لە بەرنامەیدایە فیرقەیەکی تەواو پێکەوە بنێ ( لە 4 فەوج و 3 بەتالیۆن : 3 فەوجی ئاسووری و یەکی ئەرمەنی ) کە دەکەونە ژێر سەرکردایەتی ژەنەراڵ پۆلتاڤتسێڤ Poltavtsev ی سەرکردەی فیرقەی 66 مین. ئێستەکە تەنها چوار بەتالیۆنی لێیە ( 3 ی ئاسووری و یەکی ئەرمەنی ) لە ژێر سەرکردایەتی موقەتی کۆلۆنێل ( مولازمی فرەنسی گازفایلد Gasfield ).

– دوژمنی هەرە ترسناک ، هەم بۆ ئاسووریەکان و هەم بۆ ئەرمەنیەکان لە قەوقاز کوردەکانن، ئەوانە لە ناوچەکانی ورمێ دوو دەستە گروپی سەرەکیان

هەیە : یەکێکیان لە نێوان گۆلی وان و ورمێ، ئەوی دیکەیان لە باشووری گۆلی ورمێ وەیە. کەوایە پێویستە ئەم دوو گەلە بگەنە رێککەوتنێك.، بە شێوەیەك کە هەستی رق لێبوونەوە لە نێوانیاندا هەیە کە سەرکردایەتی رووس هەرگیز بە دوای هێورکردنەوەیدا نەگەراوە. لە چاوەروانی گەیشتنی ئەفسەرە ئینگلیزەکان مسیۆنی فرەنسی و مسیۆنی ئەمریکی هەموو توانیەکی خۆیان خستە گەر بۆ ئاشتبوونە یا هەر هیچ نەبێ بە لای کەمیەوە بۆ گەیشتنە رێکەوتنێ کە خۆی بسەپێنێ

15/28ی ژانڤیە، بە دەستپێشخەری کۆلۆنێل Chardgny چاوپێکەوتنێك لە نێوان سەرۆکی کورد کامیل بەگ[6] و بەرێز ئاهارۆنیان ی سەرۆکی کۆمیتەی ئەرمەنی پێکهات بەو نیازەی بگەنە رێککەوتنێك لە قازانجی هەردوو لا و مۆرکردنی ئاشتینامەیەك لە نێوان گەلی کورد و گەلی ئەرمەن. رێکەوتننامەکە مۆرکرا، بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی ئەرمەنییەکان و کوردەکان وەك چۆن رزگاربوونیانە لە دەست نیری تورك کەوایە دەکەونە هاوسەنگەری هاوپەیمانەکانەوە.

بەرێز ئاهارۆنیان داوای لە کوردەکان نەکردووە دژی تورکیا خەبات بکەن، بەڵکو تەنها داوای ئەوەی لێکردوون بەر لە رێکخراوە سەربازییە ئەرمەنییەکان نەگرن. کامیل بەگ رایگەیاند کە کوردەکان دەبێ دەموودەست لە گەڵ هاوسێ ئەرمەنییەکانیان رێکبکەون و هەتاوەکوو ئالیکاری سەربازیشیان بکەن بۆ

[6] کۆلۆنێلChardgny لە بارەی کامیل بەگ لە بەڵگەنامەیەکی دیکەی نهێندا لە پەراوێزدا نووسیوویە : کامیل بەگ بە تایبەت لە ناوچەی بۆتان، لە باشووری گۆل واندا نفووزی زۆرە، بەلام ناوەکەی لە لای تەواوی سەرۆکهۆزە کوردەکان ناسراوە کە ئێستە لە ناوچە داگیرکراوەکاندا دەژین، تێبینی Chardgny، بروانە کارتۆنی 7N 2178 (*نامەی ئەتاشەی سەربازی بۆ سەرکردەی گشتی بەرەی قەوقاز*) بە مێژووی 15/28 ی ژانڤیەی 1918.

داگیرکردنی بەرەکانی رووسیا. هەرکە رێکەتننامەکە تەواو بوو، سەرۆکی هەردوو لا بریاریان دا گردەوەیکی پروپاگەندەیی دەستەوجی بکەن.

کامیل بەگ پێشنیاری ئەوەی کرد کە پروپاگەندەکانی خۆی لە ناوچە کوردیەکانی دێرسیمی هاوسنووری ئەرزەنجانەوە دەستپێبکات چونکە ئەم ناوچەیە لە هەمووان زیاترە هەرەشەلێکراوە.، رازیبوو لەسەر ئەوەی کە دواتر پرۆپاگەندەکە بگوێزێتەوە ناوچەی باشوری چیای ئاراراتەوە ( باژەزێت ).

سەرچاوە:

ئەرشیفی وەزارەتی جەنگ، کارتۆنی 4 N 62

بەڵگەنامەی ژمارە : 6

3 ی ژانفیەی 1922

نامەی ژەنەراڵ دو لە پانووز، ئەتاشەی سەربازی
لە باڵوێزخانەی فەرەنسا بۆ بەڕێز وەزیری جەنگ،
سەرکردەی گشتی سوپا- دووەمین بیرۆ، پاریس

رەوشی رۆژئاوای ئێران

لە نامەی ژمارە 10999 ی رۆژی 5 ی دیسامبەرمدا شەرەفی ئەوەم هەبوو ئامادەکاریەکانی رەزا خان بۆ ئۆپێراسیۆنی دژ بە سمکۆ لە ناوچەی ورمێ بە جەنابتان رابگەیەنم.

لەوکاتەوە سمکۆش دەستەوەستان دانەنیشتووە. سمکۆ لە شەرەفخانە Sheref-kana لە نزیک کەناری باکوور- رۆژئاوای گۆلی ورمێ وە بەرەو رووی ژاندارمەکانی سەلماس بۆتەوە. ژەندرمەکان تۆپێك و ژمارەیەك چەك و چۆلیان زیان بووە و ژمارەیەك دیلیشیان جێهێشتووە کە کەوتوونەتە بندەستی سمکۆ.

بە گوێرەی دوایین هەواڵەکان، رەزا هێشتا هێزەکانی خۆی تەواو کۆنەکردۆتەوە کە ئامادەیان دەکات بۆ ئۆپێراسیۆنی دژ بە سمکۆ.

سەرچاوە:

ئەرشیفی وەزارەتی جەنگ، کارتۆنی 7N 2216

بەڵگەنامەی ژمارە : 7

سەرکردایەتی گشتی سووپا

بەشی شیفرە خوێندنەوە

12 ی ژانڤیەی 1922

تێلێگرامێکی راگەیەندراو لە لایەن کاروباری هەندەران

بەیرووت، 11 ی ژانڤیە لە کاتژمێر 15 و 50 دەقیقە

ژمارە 18

بەغدا، 9 ی ژانڤیەی 1922

درێژەی تێلێگرامی پێشوو

ژمارە : 3

کوردستان– ئێران

مردنی کوچوک خان بوو بەهۆی دارمانی شۆرشی چەکداری لە ناوچەی گیلان و مازەندەران و رێگەی بۆ رەزا خان خۆشکرد هێزەکانی بەرەو رووی سمکۆ وەربگێرێ. هێزەکانی ئێران ساجوبلاغ یان گرتەوە بەلام لە نزیک سەلماس شکان و 1000 سەربازیان لە دەستدا، زیانی کوردەکان 500 کوژراو بووە. سمکۆ لە رەوشێکی ناجۆر دایە.، سمکۆ دەرگای سیاسەتێکی کراوەی بەرەو رووی دەسەلاتکارانی بریتانی کردۆتەوە بەو هیوایەی بگەنە مۆرکردنی رێکەوتننامەیەک.

( درێژەی هەیە ...)

Robert de Caix

سەرچاوە:ئەرشیفی وەزارەتی جەنگ، کارتۆنی 7N 2832

بەڵگەنامەی ژمارە: 8

باڵوێزخانەی فەرەنسا لەندەن، 17 ی تەمموزی 1916

لە ئینگلستان

ژمارە 2330

**لە کۆلۆنێل دو لە پانوز DE LA Panouse، ئەتاشەی سەربازی باڵوێزخانەی کۆماری فەرەنسا لە ئینگلستانەوە بۆ بەرێز وەزیری جەنگ ( سەرکردەی گشتی سوپا، بەشی ئافریکا ).**

**بابەت : ئۆپێراسیۆنە سەربازیەکان لە ئێران**

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی بە ئۆفیسی جەنگ War Office گەیشتوون، مەفرەزەیەکی détachement تورک کە لە دوو بەتالیۆن، دوو سریە escadron و 2000 سوپای غەیرە نیزامی کورد پێکهاتبوو هەوڵی ئەوەیان بوو لە لای سەنگورەوە Sanghur لە باکووری بێستوون Bistun بە دەوری شوێنی رووسەکان لە بێستوون، لە نێوان کرماشان وهەمەدان بسوورێنەوە.

مۆر

دو لە پانووز

سەرچاوە:

ئەرشیفی وەزارەتی جەنگ، سوپای زەوی، کارتۆنی 7N 2178 ( section d'Afrique ) 1915-1917.

بەڵگەنامەی ژمارە: 9

5 ی نیسانی 1917 کاتژمێر 5 و 15 دەقیقە

کۆپی

تێلێگرامی شیفرەیی

-------------

( نهێنی )

لەندەن، 4 ی نیسانی 1917، کاتژمێر 19 و 15 دەقیقە.

لە ئەتاشەی سەربازییەوە بۆ وەزیری جەنگ و سەرکردەی گشتی سوپا.

ژمارە : 1032

1 ی نیسان رووسەکان چوونە ناو خانەقین – ەوە. دەوریەکانیان لە دەوروبەری کەلانەفت Kalaneft پێوەندیان لە گەڵ دەوریەی ئینگلیزەکان هەبووە.

تورکەکان پردێکیان لە سەر رووباری دیالە Diala لە رۆژئاوای خانەقین Khanikin–ەوە دروستکردووە و وا باوەر دەکرێ هەموو هێزەکانیان لەم رووبارەدا بەوە کەری پەریبنەوە. ئێستە زۆر درەنگە بۆ ئەوەی بەریان لێبگیرێ.

سەرچاوە:

ئەرشیفی وەزارەتی جەنگ، سوپای زەوی، کارتۆنی 7N 2178 ( section d'Afrique ) 1915-1917.

# شەکاک SHAKAK

ف. مینۆرسکی

شەکاک Shakak ( شەککاک ) Shakkak هۆزێکی کوردییە لە سەر سنووری نێوان تورکیا و ئێران. لە ئێران - لە ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ، پێش جەنگی یەکەمی جیهانی لە ناوچەکانی برادۆست، سۆمای، چەهریق و قووتوور دا دەژیان.، لە تورکیا- لە هەرێمە ڕۆژهەڵاتیەکانی ویلایەتی وان : لە ساری ( مەحموودی ) Mahmuâdi و ئەلباک ( باشقەڵا )، واتە ئەو دەرو ناوچانانەی کە لە سەدەی شانزەهەم سەر بە هۆزی دونبلی Dumbuli بوون دەژین ( شەرەفنامە، I ، 313-4 ).

ناوی هۆزەکە لە لایەن یوسف زیائەدین بە شێوەی : شکاکان Shikâkân و لای شێروانی بە شێوەی شەکاک Shakak نووسراوە.، خورشید ئەفەندی بە شێوەی شقاقی Shikâkî یا شیکاکی shikaki نووسیووە. لە باشووری گۆلی ورمێ لە ناوچەی باهی Bähî گوندێک هەیە بە ناوی کانی شکاک Kânî-Shkâk ( سەرچاوەی شکاکان ) کە ئەوهێندە لە بولاق شقاقی یەوە دوور نییە )، کە دەشێ ئەمە بەڵگەی نزیکی ئەم دوو هۆزە بێت، ئەگەر ووتنەوەیەکی فۆنەتیکی هەمان ناویش نەبێت.

لە ئێران تیرە سەرەکەیەکانی ئەم عەشرەتە بریتین لە : کاردار Kardar و دیلان Delân ( سۆمای و برادۆست) و عەبدۆیی Awdoï ( چەهریق و قووتوور ). کۆی گشتی هۆزی شەکاک لە ئێران نیزیکەی 2000 بنەماڵە دەبن کە بریتین لە عەشیرەتە جەنگاوەرەکان.، ڕەعیەتەکانیان بریتین لە پاشماوەی هۆزە ونبووەکان. عەبدۆیی نەخشێکی دیاریان هەبووە لە سیاسەتی ناوەخۆدا، باپیرە گەورەیان لە دەوروبەری 1700 لە دیاربەکرەوە هاتۆتە ورمێ. یەکەمین سەرۆکی ناسراویان لە مێژوودا ئیسماعیل ئاغایە ( ساڵی 1231-1816 مردووە

) کە قەڵا و گلکۆکەی لەسەر رووباری نازلو چاییە Nazlu-çai. شەکاکەکان ی لە لایەن ئەفشارەکانەوە پاڵیان پێوە دەنرا گەیشتنە جۆنی Djunî ( سۆمای ) لە ڕێشدا بەرەو باکوور بۆ چەهریق هەڵکشان. جەعفەر ئاغای تاوێن کۆمیسێری سنوور و تاوێکیش یاغی و ڕێگر لە ساڵی 1905 بە فەرمانی حاکمی گشتی تەورێز لە سێدارەدرا، براکەی ئیسماعیل کە بە ناوی بچووککراوەی سمکۆ ( سیمقتۆ ) ناسراوە شوێنی گرتەوە و لە ناوچەکانی نێوان چەهریق و قووتوور دەستی بە ئۆپێراسیۆنی جەنگاوەری کرد. بە وریاییەوە ئێرانییەکان، تورکەکان و رووسەکانی هەڵخەڵەتاندبوو و ڕەوشێکی تەواو سەربەخۆی بۆ خۆی پاراستبوو. دوای ئەوەی پیاوەکانی ژمارەیەك کاری خراپیان کرد ( لەوانە کوشتنی پاتریارشی نەستوورییەکان مار شەمعوون و ڕەشەکوژی موسڵمانەکانی ورمێ ) حکومەتی ئێران چەندین هێرشی دژ بە سمکۆ دەستپێکرد و توانی ساڵی 1922 دەرپەڕێنێ بۆ ناو خاکی تورکیا و مێزۆپۆتامیا.

لە تورکیا تیرە سەرەکییەکانی شکاك بریتین لە : موکری، میلان، شەمسکی و تەکوری لە ( مەحموودی ) و مەرزەکی لە ( باشقەڵا ) . لەم تیرانە حکومەتی عوسمانی 5 فەوجی ( حەمیدییە ) ی لێدروستکردبوون. دەورووبەری ساڵی 1900 ئەم تیرانە 2000 بنەماڵە دەبوون، بەڵام جەنگ بە شێوەیەکی ترسناك ئەم ژمارەیەی کەمکردەوە.

بیبلیۆگراف:

Blau, *Die Stâmme d. nordlichen Kurdistan*, In ZDMG, 1858, p. 584-598 ;
خورشید ئەفەندی، *سیاحەتنامەی حدود*، وەرگێڕاوی رووسی، سانت پێتەرەبوورگ، 1877، لا 351 ; Cuniet, La Turquie d'Asie, II, 375, 746 ;
Mayewski ; Voyennostatist. Opisaniye wanskago wilayeta, Tiflis, 1904, II, 49-59 ; Minorsky, In Les Materili po wostokv II, 1915, p. 474.,

سەرچاوە:

*Encyclopédie de l'Islam*, Livraison A, Leyde, paris, 1924, p. 300.

# شەقاقی SHAKAKI

ف. مینۆرسکی

شەقاقی Sakaki ( شـەقاغی Shikaghî ) هۆزێکـە لـە بنچینـەدا کـوردن، بـە گوێرەی یوسف زیانەددین ووشـەی شـەقاقی لە کوردیدا واتەی ئـەو چارەوە دەگەیەنی کە نەخۆشی تایبەتی پی ی هەبی، بە گوێـرەی شـەرەفنامە ( 148, I ) شەقاقی یەکێك لە چوار هۆزە جەنگاوەرەکەی ناحیەی فنیك Finîk ی میرنشینی جەزیرە بوون. بە گوێـرەی سالنامەی عوسمـانی کـوردی شـەقاقی لـە ناحیـەی شیخلەری قەزای کلیسی Kilis ویلایـەتی حەلـەبدا هـەبوون ( Spiegel, Eran, Alterthumskunde, I, 744 ) هەرچی ناحیەی شەقاقە کە لە جیهاننامەدا هاتووە ( کەوتۆتە نیوان موکوس و جۆلەمیرگ ) بیگومـان ئەمـە بـە هەڵـە نووسـراوی بیژەی شەتاخە. دوابە دوای ئەو هەوارگۆرینەی کە واپیدەچی لە دەورانی ئاق قۆینلۆوە بووبی، دەبینین کە شەقاقی بە شیوەی کۆچەری لە موغان Mughan لە سەر سنووری ئەو دیو قەوقازدا ژیاون. لە گەل دەستپیکی سەدەی نۆزدەهەم 8000 بنەماڵەیان لە رووسیا هەبوو. گەرۆکی فرەنسیی دوپری Dupré ئیشارە بۆ 25000 بنەماڵـەی شـەقاقی دەکات لە نـاو ئـەو هۆزانـەی کە بە کوردی قسـە دەکەن. لە دەوروبەری سالی 1814 J. Morier بە 50000 بنەماڵەیان دەخەملینی کە لـە سـەر ریگـەی تـەوریز، زنجـان لـە هەریمـەکانی حەشترورد Hashtarud، گارمارد Garmard و میانە Miyâna و هەروەها تا ئەردەبیل–یش دەبینران.

شازادە عەباس میزا لەم هۆزە زۆرترین ژمارەی لی سەربازگیر کردبوون بۆ ئەو سەربازە پیادەرۆیانەی کە لەسەر شیوازی ئەورووپیانە فیردەکران، بە گوێـرەی هەمان رۆژهەلاتناس زمانی شەقاقی تورکی بووە. شیروانی Shirwanî شوینی هاوینە هەوار estivage و زستانە هەواری hivernages شـەقاقیەکانی بـە 60000 بنەماڵەی شەقاقی لە ناوچەی تـەوریز –سـاراو ( لـە سـەر ریگـەی ئـەردەبیل ) دادەنی و ئەوە ئیزافە دەکات کە هۆزیکی کوردە و زمانیان تورکیە و سەر بە

قزلباشەکانن ( من توابع قزلباش *min tawabi'a kizil-bash* ) مەبەستیەتی بڵێ کەوا هۆزێکی شیعەیە، هەروەك چۆن پێوەندیان لە گەڵ شاهسۆنەکان ئەمە بەدیاردەخات.

گرینگی ئەم هۆزە لەوەدا بوو کە لە سەرەتای سەدەی بیستم، حکومەتی ئێران چوار فەوجی لە شەقاقەکان سەربازگیرکردبوو. هێشتاکە پێوەندییەکانی نێوان شەقاقی و کوردەکانی شەکاك کە دەکرێ هەبێ، نازانرێ، بەلاَم هەموو نیشانەکان ئەوە بە دەستەوە دەدەن کە باوەڕ بەوە بکرێ کە هۆزێکی کوردی بێ و ( لە سەر شێوەی کوردەکانی گەنجە ) تورکیزە کراون. لە شوێنەواری ناوچەی باشووری گۆلی ورمێ، شوێنەواری تێپەربوونی شەقاقیەکان ( لە ئاوایی قشلاق- شیقاق لە سەلدوز ) دۆزراونەتەوە.

بیبلیۆگراف :
Dupré, Voyage en Perse, Paris, 1819, II, 462
( لەو زانیاریانەی کە جۆناتان وەرگێری شاندە فەرەنسییەکە بە دەستیەوە داون
J. Morie, Some account of the Ilyâts, JRGS, VII, 1837, p. 299 ; Zain al- (
'Abdin, Shirwanî, Bostan al-siyahat, Tihrân, 1315, p. 317.

سەرچاوە:
*Encyclopédie de l'Islam*, Livraison A, Leyde, paris, 1924, p. 300.

# شەکاک SHAKAK

نووسینی : مارتین ڤان برویێنسن

شەکاک Shakak هۆزێکی کوردە لە سەر سنووری نێوان ئێران و تورکیا، لەو ناوچە چیاییانەی کە کەوتوونەتە رۆژئاوا و باکووری - رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ ( سۆمای،برادۆست، چەهریق و قووتوور ). لە ساڵەکانی 1960 ژمارەی دانیشتوانی ئەم هۆزە تەنها لە ئێران بە 4400 بنەماڵە دەخەملێنران.، بێجگە لەوەش چەند بەشێکی چکۆڵەش لە ناو تورکیادا هەن. شەکاک موسلمانی سوننین و بە دیالێکتی کوردیی باشوور ( کورمانجی ) دەئاخڤن.

لە نووسراوەکاندا هەمیشە شەکاک Shakak لە گەڵ شەقاقی Shakâkî و شەقاغی Shikâghî، هۆزی شیعەی تورکزمان ( قزلباش ) تێکەڵدەکرێن کە ئێستەکە لە رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی تەورێزدا دەژین. ئەم دوو هۆزە تا رۆژی ئەمرۆشمان هەر تەواو لە یەکجیاوازن، تاقە پێوەندی نێوانیان رەنگە تەنها لەوەدابێت کە هەردووکیان ناوەکانیان لە یەکدەچێ. دوو فراکسیۆنی شەکاک : فەناک-فینیک Fanak/Finik و بۆتانیەکان ناوی ناوچەکانی جەزیرەیان هەڵگرتووە. شەرەفنامەی ئیدریس بەدلیسی ( کۆتایی سەدەی شانزەهەم ( باسی شەکاک ناکات، بەڵام وەسپی شەکاکی Shakaki دەکات وەك هۆزێکی کوردیی زمانی هەرێمی فینیك لە جەزیرە. بەڵگەنامە عوسمانییەکانی هەمان سەردەم ئەوانیش باسی شەکاکی دەکەن لە ناوچەکانی ماردین و وان. وادیارە چەند فراکسیۆنێکی شەکاکی گوێرایەلی ئایینی قولباشی بە ئاراستەی دیجلە بەرەو ئازەربایجان کۆچیانکردووە و لەوێدا تورکیزە بوون و لەسەر رێگەی

خۆشیاندا بە نزیك ئەو ناوچانەدا ڕۆیشتوون کە ئێستەکە شەکاکەکانی تێدا دەژین. دەتوانین خەیاڵی ئەوە بکەین کە ئەمانەی دوایی ( واتە شەکاکی Shakaki یەکان) چەند تیرەیەکی شەکاکیەکانیان لە ناو خۆیاندا هەڵلوشیبێ و لەسەر زەوی وزاری ناوچەکانی خۆیان کۆچەریانکردبێ nomadisant و ناوی خۆیان بەباڵادا بریبن.

شەکاکەکان لە ژمارەیەك فراکسیۆن ( تیرە یا تایەفە پێکدێن کە لیستەکە ل چەندین سەردەمی جیاواز نووسراوەو گرینگی هەمەچەشنەیی ئەم هۆزە نیشاندەدات، ئەوەی کە بەرفراوانی ئالوگۆڕەی پێکهاتەی ئەم هۆزانە نیشاندەدات. سەرۆکی گەورەی ناسراوی ئەم هۆزە لە مێژوودا سەر بەم یا بەم دوو تایەفەی ( پسکە ) سەرکیبیانە: عەبدۆیی ( عەبدەوا) و قاردار. هەر لە ئێراندا زۆر فراکسیۆنی گەورەی دیکەی هەیە : مامەدی، هنارە، ئاتمانی، ئیوەری، فەنەك ، بۆتان، موکری، شپیران، کەورك و نیسانی. بە هەمان شێوە لە ناو خاکی عوسمانیش، سایکس جگە لە موکری و بۆتانی، هەرا سێ فراکسیۆنی دیکە کە پێیان دەڵێن شەکفتی، سەڤالی و شەکاك باسکردووە. لە کۆتایی سەدە ی نۆزدەهەم، فراکسیۆنەکانی موکری و شەکفتی هەردووکیان چەند 1200 بنەماڵەیەکیان لێ مابۆوە کە هەر یەکێکیان فەوجێکی حەمیدییەیان هەبوو ( Kodman, 1978, 84 ) ، بە هەمان شێوە دوو هۆزەکەی دیکەی ناوچەکە : شەمسکی Shamsiki و تەکوری Takûrî کە ئەوانیش برێکجار وەکوو فراکسیۆنەکانی شەکاك چاویان لێدەکرێت.

یەکەمین سەرۆکی ناسراوی شەکاکەکان لە مێژوودا ئیسماعیل ئاغای پسکەی عەبدۆیی بوو، کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ژیاوە. لە دەورانی عەلی، کوڕی ئیسماعیل ئاغا شەکاکەکان بۆ یەکەمجار لە سۆمای جێگیر بوون و ئاغا تورکەکانیان ڕاونا کە تا ئەودەم کۆنترۆلی ناوچەکەیان کردبوو. دواتر عەبدۆییەکان شوێنی نیشتەنییەکەیان هێشتا زێتر بەرەو باکوور برد و بۆ چەهریق هەڵکشان. لە چارەگی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کورەکانی کورەزای ئیسماعیل ئاغا : جەعفەر و بە تایبەتیش ئیسماعیل ئاغا ناسراو بە (

سمکۆ ) برێک ناو و شۆرەتیان بە شەکاکەکان بەخشی. جەعفەر ئاغا[7] کۆنترۆلی هەموو هۆزی شەکاکی کردبوو، لە لایەک هاریکاری حکومەتی ناوچەیی نەکرد و لەو لای دیکەشەوە هەڵمەتی جەسوورانەی دەبردە سەر ناوچەکانی ئەوروبەر. دواجار بەدیلگیرا و پاشان بە ئاشکرا ساڵی 1905 لە تەوریز لە سێدارەیاندا. کار و ئەرکی سیاسیی ئیسماعیل ( سمکۆ) لە گەڵ هەڵبەز و دابەزەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و دواتر دەستیپێکرد. سمکۆ پێوەندی لە گەڵ عوسمانیەکان و لە گەڵ رووسەکانیش هەبوو، بە هەمان شێوە سمکۆ لە گەڵ کۆمیونیتە مەسیحییە ناوەخۆییەکان و دەسەڵاتکارانی ئێرانیش پێوەندی هەبوو، بەوەی دوورابیەکانی خۆی لە بەرامبەر هەموو ئەمان پاراستبوو، پەراوێزێکی گەورەی مانۆری بۆ خۆی هێشتبۆوە. لە سۆنگەی ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە لە ئەنجامی خۆکێشانەوەی هێزەکانی رووسیا و عوسمانی پەیدا بووبوو، سمکۆ دەستی بەسەر ناوچەیەکی بەرفراواندا گرت. ساڵی 1918 پاتریارشی نەستوورییەکان مار شەمعوونی Mâr Shimûn کوشت، کە بێگومان یەکێک لە خەنیمە ناوەخۆییە هەرە گەورەکانی بوو. نەستوورییەکان لە ماوەی جەنگدا ئەوای خۆیان لە ناوچیایەکانی هەکاری جێهێشتبوو و بە نیازی مانەوە لە پێدەشتی ورمێ جێگیربووبوون. سمکۆ هێشتا ناوچەکانی ژێردەستی بەرفراوانتر کرد و لە سەرەتای ساڵی 1922 بە شێوەیەکی دوفاکتۆ *De Facto*[8] حوکمرانی ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان و هەروەها پێدەشتی ورمێ ی

---

[7] ولیام ئیگلتن لە کە کتێبەکەی خۆیدا *The Kurdish Republic of 1946* نووسیویە : لە ماوەی بست ساڵی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا نزیکبوونەوەی رووس لە کوردەکان برێک سەرۆکی کوردی بۆ خۆی راکێشا، لە وانە جەعفەر ئاغای سەرۆکی هۆزی شکاك، عەبدولرەزاقی بنەماڵەی بەدرخان و سەید تەهای کورەزای شێخ عوبەیدوللا. ساڵی 1889 ئەم سێ سەرۆکە لە سەر بانگهێشتی نیکۆلای دووەم داوەتی رووسیا کران و بە خۆیان بە دیاری گرانبەها و وادەی دەستلەپشتدان رووسیا گەرانەوە، بڕوانە William Eagleton JR, *The Kurdish Republic of 1946*, Ed. Oxford University Press, 1963, p. 7.

[8] *De Facto* : في الواقع، فعلا




سەرچاوە:

*The Conflict of Tribe ansd State in Iran and Afganistan,*
Edited by : Richard tapper, London, 1983, 366

ڕەکرد کە تورکەکانی تێدا دەژیان. بزووتنەوەکەی سمکۆ وێڕای ئەوەی وەک یاخیبوونێکی ترادسیۆنی خێڵەکی دەستیپێکرد، بەڵام لە گەڵ ئەوشدا سیمای بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کوردی بەخۆیەوە گرت. سمکۆ پێوەندی لە گەڵ سەرۆکە کوردەکانی عێراق و تورکیا هەبوو و لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە هاوپشتی نەتەوەیی لێدەکرا و لە سابلاغ[9] ( مەهاباد ) ڕۆژنامەیەکی کوردی بڵاودەکردەوە. لە ئابی 1922 سوپای پالپشتیلێکراوی ئێرانی دواجار توانی سمکۆ ببەزێنێ و سمکۆ هەڵاتە عێراق. لەوێ لە سالی 1926 بێهودە پێشنیاری ئەوەیان بۆ کرد وەکوو پۆتێنتایەکی potentat[10] ناوەخۆیی لە عێراق نیشتەجێبێت، سالی 1929 لە کەمینێکی ناکاودا لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە کوژرا[11].

---

[9] مەبەست لەم ڕۆژنامەیە ( ڕۆژی کورد شەوی عەجەم ) ە کە بە داخێکی زۆرەوە ئەم ڕۆژنامەیە تا ئێستە هەر تەنها دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە، بەڵام لە هەموو سەرچاوە کوردیەکاندا هاتووە کە ڕۆژنامەکە لە شاری ( ورمێ) دەرچووە نەوەکا لە سابلاغ، وەرگێر.

[10] پۆتێنتا: potentat فەرمانڕەوای ڕەها، کەسێکی دەستڕۆیشتوو.

[11] مێژووی تیرۆرکردنی سمکۆ تا ئێستە بە تەواوی دیار نییە، بەڵام ئەو سالەی مارتن ڤان بروینسن داوییە بە دڵنیاییەوە هەڵەیە. سمکۆ بە گوێرەی پەیامنێری ڕۆژنامەی ( حبل المتین)ی کە لە ڕۆژی 30 ئەیلوولی 1930 ڕاپۆرتێکی لە بارەی تیرۆرکردنی سمکۆ بلاوکردۆتەوە، بە گوێرەی ئەم سەرچاوەیە سمکۆ دەبێ لە شەوی 27 لەسەر 28 ی تیرمەهی 1309 ی ئێرانی کوژرابێ، بگەڕێوە بۆ صالح محمد امین، *کورد و عەجەم: مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران،* کوردستان، 1992، ل: 392-393 کە ئەم مێژووە ڕێکەوتی شەوی 19 لەسەر 20 ی حوزەیرانی 1930 دەکات. ، بە گوێرەی مهدی بامداد، سمکۆ لە ( سی ام تیرماه ( 1309 خ) کوژراوە ، بڕوانە : مهدي بامداد، شرح رجال ايران، جلد اول، ص. 137. ، بە هەمان شێوە ئەحمەد شەریفی-یش هەر لای وایە سمکۆ لە ڕۆژی 30 تیرماهی 1309 کوژراوە، کە دەکاتە ڕێکەوتی 21 ی حوزەیرانی1930 دەکات، بگەڕێوە بۆ: *چۆن سمایل خانی شکاک تیرۆرکرا؟* وەرگێرانی لە فارسییەوە ئەحمەدی عەبدوللا، ئالای ئازادی، ژ 107، 30-1-1994. هەرچی ڕۆژنامەی The Times ی لەندەنیشە ڕۆژی 22 ی حوزەیرانی 1930 هەواڵی کوشتنی سمکۆی بلاوکردۆتەوە کە گوایە ڕۆژێك پێشتر لە تارانەوە بە دەستیگەیشتووە، بگەڕێوە بۆ محمد رەسول هاوار، سمکۆ *( ئیسماعیل ئاغای شوکاك ) و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد،*

دەسەڵاتی باڵای شکاکەکان گوازرایەوە دەست خەنیمەکەی سمکۆ، عومەر ئاغای پسکە کارداری کە تا ئەو کاتەی سمکۆ هێزی لەبەر دەستدا بوو ئەو گوێرایەل و بێدەنگ بوو، ئیدی دەرفەتی بۆ هەڵکەوت تەبەعیەتەکانی گەراندەوە بۆ حکومەتی ناوەند. عومەر ئاغا لە سمکۆ کەم رادیکال تر کۆنترۆڵی هۆزەکەی دەکرد، برێك لە فراکسیۆنەکانی شەکاکی بەتایبەت عەبدۆیی لە دەورانی تاهیری کوری سمکۆ و مامەدییەکان لە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی خۆیاندا، زۆربەی جار تەواو سەربەخۆیانە رەوتاریان دەکرد. لە گەڵ عومەر ئاغا، شەکاکەکان بێ حەماسەت بەشداریان لە کۆماری مەهابادی جوانەمەرگبووی کورد ( 1946 ) کرد، عومەر ئاغا بوو بە یەکێك لە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، بە هەمان شێوەی ئەو تاهیر ئاغا چەند فەوجێکی سوارەی بە سوپای کۆماری دابوو ( کە یەك لە دوای یەك 880 و 500 پیاو دەبوون ). بێگومان بەشداری خێڵەکیان هەرگیز بەشداریەکی چالاکیان نەبووە لە بەرگریکردنی سەربازیی کۆمار دژ بە سوپای ئێران و عومەر ئاغا لە نوێوە هەلێکی چاکی بۆ هەلکەوت تا پێوەندی دیپلۆماسی لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بکاتەوە، هەمان پرینگانەوە بە درێژەی گەورەترین بەشی نیوە سەدەی دواتر تایبەتمەندیتی شکاکەکان بووە لە پێوەندییان لە گەڵ سیاسەتی ناسیۆنالیستی کوردیدا. هەتاوەکو لە ساڵی 1979 یش وەختایەك لە دوای شۆرش دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەیەکی کاتی نەما بوو و پرسی نەتەوەیی کورد بۆ ماوەیەك سەرکەوتووانە بە دیارکەوت، تەنها کەمینەیەکی پەراوێزی شارنشین و پێشکەوتووی شەکاکەکان داوایان دەکرد بچنە ناو پرسی کوردەوە[12]. تاهیر ئاغا کە ئەو کات دەسەڵاتی باڵای شکاکەکانی لەبندەستدا

چاپخانەی ئاپێك، سوێد، 1995 ل: 660. بە مپنیە دەبێ سمکۆ بە دڵنیاییەوە لە نێوان 19 تا 21 ی حوزەیرانی 1930 کوژرابێ.

[12] جێی گوتنە ئەوە بگووترێ کە هۆزی شکاك بە هیچ شێوەیەك بەشداریان لە شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری نەکردووە و وەختایەك شێخ عوبەیدوڵڵا داوای لە خانی شکاك کرد

بوو و وەك ئاغایەکی سەربەخۆ ناوچەی شکاکەکانی بەڕێوەدەبرد و ڕێگەی نەدا جێگە بۆ دەسەڵاتی پارتە سیاسییە کوردییەکان چۆڵبکات. لە ساڵانی دواتر، هۆزی شکاك پەلەی بوو لە نوێوە پێوەندی لە گەڵ حکومەتی ناوەندی ببەستێتەوە.

**بیبلیۆگراف :**

O. Blau, *Die Stämmedes nordöstlichen Kurdistan*, dans ZDMG, XII(1858), 584-98, M. F. Kirzio O. Blau, *Die Stämmedes nord stlichen Kurdistan,* dans ZDMG, XII(1858), 584-98, M. F. Kirzio'lu, Kürtlerin k kü, Ankara 1963, 29-30; B. Kodaman, Sultan II. Abdulhamid devri Do'u Anadolu politikastm Ankara 1987;C.Türkay,Osmanli Imparatolu'unda oymak, aîret ve cemaatlar, Istanbul 1979, 150; Ghilan, Les Kurdes persans et l'invasion ottomane, dans RMM, V (1908), 1-22; M.Sykes, The Kurdish tribes of the Ottoman Empire, dans J. Roy. Anthr.Inst., XXXVIII (1908), 451-86; anon., The kurds in Persia, dans Central Asian Review, VII (1959), 175-201; W. Eagleton, The Kurdish republic of 1946, Londres 1963; 'Alî Dihkân, Sarzamîn-I Zardasht: awdâ'-I tabî'î, sîyâsî, iktişâdî, farhangî, idjtimâ'î, târîیhî-yi Ridâ'îyya, Téhéran 1348/1969; M. Djawâd Mashkûr Nazarî bitârîkh-I Idharbâydjân wa âthâr-i bâstânî wadjam'iyyatshinâsî-yi ân, Téhéran 1349/1970; H. Arfa, The

---

یارمەتیی بدات لە شۆرشەکەیدا، بە پێچەوانەوەی ئەوەوە خانی شکاك شانبەشانی ئیقبال ئەلسەلتەنەی ماکۆیی دژ بە شێخ عوبەیدوڵلا و شۆرشگێرانی کورد شەری کردووە، بڕوانە محمد ڕەسول هاوار، سمکۆ (*ئیسماعیل ئاغای شوکاك*) *و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد*، چاپخانەی ئاپێك، سوید، 1995 ل: 227.

Kurds, Londres 1966, 47-64; Ahmad Sharîfî, ishâ'ir-i Shakâk wa sharh-i zindigî-yi ânhâ bi rahbarî- yi Ismâ'îl ighâ Simkû, Mahâbâd 1348/1970; M. van Bruinesseen, *Kurdish tribes and the state of Iran: the case of Simko's revolt*, dans R. Tapper (éd.), *The conflict of tribe and state in Iran and Afghanstan*, Londres 1983.

سەرچاوە:

# نۆرگینالی

# بەڵگە نامە فرەنسییەکان

## لاپەڕەی یەکەمی ڕاپۆرتەکەی دەرویش پاشا بە ئینگلیزی

[This Document is the Property of His Britannic Majesty's Government.]

P
1595
1912

(B)

PERSIA.

CONFIDENTIAL.

[14649]

[April 9.]

SECTION 2.

No. 1.

*Sir G. Buchanan to Sir Edward Grey.—(Received April 9.)*

(No. 111.)

Sir, *St. Petersburgh, April 4, 1912.*

IN accordance with the instructions in your despatch No. 74 in regard to the works prepared by Kurshid Effendi and Dervish Pasha on the subject of the Turco-Persian frontier, I have the honour to transmit to you herewith :—

1. A translation from the Russian of Dervish Pasha's political report only printed for the Porte.
2. Copy of the French translation presented by Dervish Pasha to the mediating delegates in 1875.
3. Copy of Colonel Chirikof's book.

As reported in my telegram No. 116 of the 26th, I regret that, in spite of an exhaustive search, I have not been able to procure a copy of Kurshid Effendi's book.

The French translation of (2) [?] was made at my request in the Russian Foreign Office, as it was not possible to obtain the original for the purpose of copying it in this embassy. I, accordingly, request permission to charge the expenses connected therewith in the accounts of the extraordinary disbursements of the embassy for the present quarter.

I have, &c.
GEORGE W. BUCHANAN.

---

Enclosure 1 in No. 1.

*Extract from the Book by Dervish Pasha respecting the Turco-Persian Frontier.*
*(Constantinople, 1286 Hegira.)*

(Translation.)

41.

(A.)—"*Old*" *Frontier*, i.e., *the Frontier which the Turks wish to re-establish from the Chigan Pass to the Bugra Mountain.*

